# ڕەنگدانەوەی خواوەند و بوونەوەرە لێکدراوە ئەفسانەییەکانی میزۆپۆتامیا لە هونەری چیانشینانی زاگرۆسدا

م. هێرۆ کەمال کەریم
وەزارەتی پەروەردە- هەرێماکوردستانێ/ عیراق

**پوختە**

ئەم تـــوێژینەوەیە تـــایبەتە بە (ڕەنگدانـــەوەی خواوەنـــد و بوونـــەوەرە لێکـــدراوە ئەفسانەییەکانی میزۆپۆتامیـا لـە هونـەری چیانشـینانی زاگرۆسـدا). لـەم توێژینەوەیـەدا و بـە ڕێبـازی بـەراوردکاری، کـار لەسـەر خسـتنەڕووی ڕەنگدانـەوەی ئـەو ئەفسـانانە کـراوە لـە ناوچـەکانی زاگـرۆس، کـە سنووری توێژینەوەکەیە و نموونـەی ئـەو بەرهەمانـە هێنراونەتـەوە، کـە ڕەنگدانـەوەی ئەفسـانەکانن، بـەدیاریکراوی بوونـەوەرە لێکـدراوەکان. کەرەسـتەی توێژینەوەکە بریتییە لە هەموو ئەو پاشماوە بەجێماوانەی ناوچەکانی زاگرۆس. دیارترین ئـەو کاریگـەرییانەش لەمانەدا خۆیان دەبیننەوە؛ (دەرکەوتنی زۆرانبـازیی گلگـامێش و ئەنکیـدۆ لەسـەر مـۆرە هەڵکـەنراوەکان، کـوژرانی خومبابـا، ڕۆڵـی ئەنکیـدۆی بـەهێز)، ئـەم وێنانـە کاریگـەریی داسـتانی گلگامێشـن، کـە لەسـەر جامەکـەی حەسـەنلو دەبینـرێن. هـەروەها وێنـەی ئاژەڵـە ئەفسـانەییەکانی وەك بزنـی کێـویی باڵـدار و شـێری باڵـدار لەسـەر پاشـماوە برۆنزییەکانی ناوچەی لوڕستان دەردەکەون، بە هەمان شێوە داستانی باڵندەی ئانزو و داسـتانی ئیتانا لە جامەکەی حەسەنلودا دەبینرێن. باڵندەی ئانزو/ ئیمدگود لـە ئەشـکەوتی گوندەك دەبینرێت. ئاژەڵەکانی پازور و لاماشتو لە هونەری شارستانیی ماننادا بەدیدەکرێن.

بەهـەمان شـێوە پەیوەسـت بـە خواوەندەکانـەوە، کاریگـەری و ڕەنگدانـەوەی زۆریـان لەسـەر پاشـماوە هونەرییـەکانی ناوچەکـە هەیـە، کـە بـە هێمـای جـۆراو جـۆر دەرکـەوتوون، دیارترینیان وەك؛ (ئینلیل/ خواوەندی هەوا، عشتار یان ئینانا/ خواوەندی خۆشەویستی و جوانی و جەنـگ و بەپیتـی، شـەمەش/ خواوەنـدی دادپەروەری، تیشـوب/ خواوەنـدی زریـان، نێرگـاڵ/ خواوەنـدی جیهـانی ژێـرەوە، نـابو/ خواوەنـدی دانـایی)، وێنـەی ئـەم خواوەندانـە لەسـەر پاشـماوە هونەرییەکان دەبینرێت، وەك هەڵکۆڵراوی سەر شاخ و خشتە ڕووپۆشە شووشـەییەکان و مۆرە هەڵکـەنراوەکان و پشـتوێنە کانزاییـەکان، گڵێنـەکان و نەخشـی سـەر دیوارەکـان و ستوونەکان جامی حەسەنلو، کانزا جۆرا و جۆرەکان.

لەکۆتاییدا دەمەوێت لەڕێی ئەم توێژینەوەیەوە ئەو پەیوەندی و کاریگەرییانە بخەمە ڕوو، کە لە نێوان گەلانی میزۆپۆتامیا و زاگرۆسدا هەبوون، کە ڕەنگدانەوەیان لەسەر پاشماوە هونەرییەکانی ناوچەکە بەجێهێشتووە، ئەوەش دەرخەری ئەو ڕاستییەیە، کە میزۆپۆتامیا لە ڕووی بیروباوەڕی ئەفسانەییەوە کاریگەریی لەسەر گەلانی زاگرۆس هەبووە. لە میانەی توێژینەوەکەدا وەڵامی ئەو پرسیارە دەدرێتەوە، کە ئەفسانە و خواوەند و بوونەوەرە ئەفسانەییەکان، کە لە زۆربەی شارستانییەکاندا هەن، وەك شانشینەکانی (خوری و میتانی و ماننا)، کامیان لە کامیانی وەرگرتووە؟

**وشەسەرەکییەکان:** *ئەفسانە، مێژووی کۆن، خواوەندەکان، بوونەوەرە ئەفسانەییەکان، میزۆپۆتامیا و زاگرۆس.*

---

## پێشەکی

جۆرەکانی بوونەوەرە لێکدراوە ئەفسانەییەکان پێگەیەکی گرنگیان لە هونەر و ئەفسانە و ئایینەکانی میزۆپۆتامیا و زاگرۆسدا هەیە. بوونەوەرە تێکەڵەکان لە هەریەکێک لەم کولتوورە کۆنانەدا ناو و تایبەتمەندیی جیاوازیان هەبووە و ڕۆڵێکی تایبەتیان بۆ بەدیهێنانی خواستی مرۆڤەکان وەرگرتووە. هەروەها هەندێکیان، کە زیانیان بە مرۆڤ گەیاندووە، گۆڕاون بۆ ئەهریمەنەکان. هەندێکیان شێوەی خواوەند و پاڵەوانی ناو ئەفسانەکانیان وەرگرتووە و ڕەنگدانەوەیان لەسەر ناوچەکانی زاگرۆس هەبووە. پاڵەوانەکانی ئەو داستانانە و تەختی شانۆی کەسایەتییەکان پەیوەست بوون بەناوچە و کەسایەتییەکانی زاگرۆسەوە، ئەم کەسایەتییانە بەشێوەی جۆراوجۆر ڕەنگدانەوەیان لە هونەری زاگرۆسدا هەبووە. بوونەوەرە ئەفسانەییەکان هێزێکی جادوویيان هەبووە و لەلایەن مرۆڤەوە ئیرەییان پێبراوە و هەوڵی بەدەستهێنانی ئەو هێزەیان داوە، لەوانە؛ هێزی فڕین وەك گای باڵدار، گەیشتن بە نەمری وەك مار، ئازایی وەك شێر، چیرۆکی ناو داستانە ئەفسانە ئامێزەکان، لەناو شوێنەوارە هونەرییەکاندا بەرجەستە بووە، کە گوزارشت لە خواست و خولیای مرۆڤ دەکات بۆ گەیشتن بە ئەو هێزانە. کاتێك ئەم ڕەگەزی ئەو بوونەوەرانە لەگەڵ مرۆڤدا تێکەڵ بوون، بوونەوەرگەلێکی سەروو سروشتی و نەدۆڕاو دروستبوون، کە توانایەکی لەڕادەبەدەریان هەبوو، لەبەرئەوەی ئەندامی ئاژەڵە جۆراوجۆرە بەهێزەکانیان تێدا کۆدەبووەوە، وەك ئاوەزی بیرکەرەوەی مرۆڤ، باڵی بەهێز بۆ فڕین، ددانی مار و چزووی دووپشك، جەستەی بەهێزی گا و هتد.

**١. كــورتەيەك دەربــارەی جوگرافیــای زاگــرۆس وڕەنگدانــەوەی جوگرافیــا لەداســتان وئەفسانەکاندا:**

زنجیـرە چیاکـانی زاگـرۆس، بـە یـەکێك لەگـەورەترین زنجیـرە چیاکـان دادەنرێـت ئـەم زنجیـرە چیایانـە دەکەونـە باشـووری ڕۆژئـاوای کیشـوەری ئاسـیاوە لەناوچـە سـنورییەکانی ئێسـتای بـاکورو دەشـتەکانی مێسـۆپۆتامیان. لـەباکوری خۆرئـاواوە لەناوچـە سـنورییەکانی ئێسـتای بـاکورو باشـوری کوردسـتانی ئێسـتاو سـەرجەم زنجیـرە چیاکـانی خۆرهـەڵاتی کوردستان لەباکوری دەریاچەی ورمێوە هەتا گەرووی هورمز درێژبوونەتەوە، ئەم زنجیرە چیایە دابەشـی سـەر سـێ بـەش کـراون: زاگرۆسـی بـاکوور، زاگرۆسـی ناوەڕاسـت و زاگرۆسـی باشوور(Marf ,2023:p19-21).

چیاکـانی زاگـرۆس بـە گشـتی لـە زنجیـرە چیاکـانی خۆرهـەڵاتی زاخۆدرێژدەبنـەوە، دەتوانین بڵێن هەموو زنجیـرە سـەختەکانی باشـوری کوردسـتان زنجیـرە چیاکـانی زاگرۆسـن، ئەگـەر تەماشـای نەخشـەی جوگرافیـاي زنجیـرە چیاکـانی زاگـرۆس بکـەین، دەبینـین شـاخەکانی ڕۆژهەڵاتـی زاخـۆ و دەوروبـەری دهـۆك و بـەدرێژایی سـنور هـەتا شـاخی سـەفین لـە هـەولێرو شـاخی هەیبـەت سـوڵتان لەکۆیـەو تاسـڵوجە و قـەرەداغ وسـەرگەرمە هـەتا دەگاتـە سـەرتەکی بـەمۆ، هـەموو زنجیـرە شـاخی زاگرۆسـن، لـە ڕۆژهـەلاتی کوردسـتاندا لەسـەرووی دەریاچـەی ورمێـوە زنجیـرە چیـای زاگـرۆس دێتـەخوارەوە هـەتا دەگاتـە ناوچـەی کرماشـان زاگرۆسی باکور لـە باکورەوە لـەگەڵ چیاکـانی دامێنـی باشوری دەریاچەی ورمـێ و ڕووبـاری کلاس و چۆمان چیاکانی زاگرۆسی باکور لە چیاکـانی باشـوری کوردسـتان جیادەکاتـەوە، پاشان لەگەڵ دەری شلێر کە بەرەو باشـور درێژدەبێتـەوە وبـە چیاکـان ودەشـتەکانی هەڵەبجـە و خۆرماڵدا تێپەڕدەبێت، لە پاشان بە چیاکـانی پـاوەو سـەرپێڵی زەهـاودا دەڕوات، هـەتا دەگاتـە دامێنی ڕۆژئاوای، کە بیرکوە لە باشورەوە، لەدواییدا بەرەو باشور دەکشیت، زاگرۆسـی ناوەنـد لەباکوری ڕۆژئاوا بەرەو باشوری ڕۆژهەڵات درێژدەبیتەوە بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی لوتکـەکانی و هەرسێ بەشەکەی چیاکانی زاگرۆس بڕوانە (غەفور، ٢٠٠٥: ٢٥ – ٣٣).

خەڵکـــی میزۆپۆتامیـــا گرنگییـــان بە دیـــاردە سروشـــتییەکان دا، کە کـاریگەرییەکی زۆریـان لەسـەرژیانی ئەوان هەبـووە، هەروەک چـۆن مـرۆڤ هەمـوو ئەو شـتانە لەبەرچـاو دەگرێـت کە دەوریـان داوە، مەبەسـت لێـی ئەوەیە کە ئەمـانە نیشـانە بـن کە ئاراسـتەی ئەو دەکـرێن و ئەمەش هەمـوو شـتێکی ئاسـمان و زەوی دەگـرێتەوە، سروشـت ئەو ئاسمانەی لە هەموو شوێنێکەوە دەوری داوە، بووەتە ئەولەویەتێکـی تایبەت لە هـزری ئـایینی و هەستی سەرسامی و ترسـی لە مرۆڤەکانـدا وروژانـدووە، هەروەهـا سەرچاوەی بارانبـارینە لە بنـی ڕووبارەکانـــدا کـــۆدەکرێنەوە، ســـەرچاوەیەکی ســـەرەکین بـــۆ ئـــاودێری بـــۆ زەوییـــە

کشتوکاڵییەکان لەسەری لە ماوەی ژیانیدا (الناضوري، رشید، ١٩٦٩: ٨٧-٨٨). لەبەرئەوەی زەوییەکە لەڕووی تۆپۆگرافیاوە هەمەچەشنە، زیندەوەری هەمەچەشنی لەسەر دەژی، هەروەها ئاوی زۆری هەبووە، کە سەرچاوەیەکی گرنگی ژیانە بۆ زیندەوەرەکان (رشید، عبد الوهاب حمید، ٢٠٠٤: ٨٩). بۆ نموونە ئەو لافاوانەی کە بەهۆی بارانبارینی زۆرەوە روویانداوە، کەزەویەکەی کردە دەریایەکی قوڕ، هەروەها ئەو بایە بەهێز و توندانەی کە بوونەتە هۆی زیان گەیاندن بە بەروبوومەکان هەموو ئەم دیاردانە وایان لە خەڵک دەکرد هەست بە بوونی هێزی شاراوە بکەن ئەو هۆکارە پەرجوئاسایانەی کە سروشت خاوەنداریێتییان دەکات، کە بۆی ئەستەمە بۆی روونبکاتەوەو تێیبگات، یان کاریگەرییان لەسەر بێت، بۆیە ئەم هێزە شاراوە سەروو سروشتییانە بوونەتە جێگەی سەرنجی بەرژەوەندیی مرۆڤ و زاڵن بەسەر ژیانیدا (مهدي، حمید نفل، ١٩٩٤ :٤١).

ئەمانە هێزی نەبینراون و بەهۆی ترس و دڵەڕاوکێی ئەو هێزانەی، کە کاریگەرییان لەسەر ژیانی هەبوو، جەستەی لەدەستدابە تێپەڕبوونی کات گەڕایەوە بۆ لای خوداوەندەکانی پەیکەری لێ دروستکرد و لە شوێنە پیرۆزەکانی وەک پەرستگاکان داینا، بە پێشکەشکردنی قوربانی و نەزر و کارکردن بۆ دڵخۆشکردنی لە ڕێگەی نوێژ و قوربانیدان و ئەنجامدانەوە رێوڕەسمی ئایینی (أبراهیم، هالة کریم، ٢٠١٤، ٦-٧). سەبارەت بە هێزە شاراوەکان، هەموو ئەو هێزە نهێنییانەن، کە مرۆڤ بە شێوەیەکی راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ لە ژیاندا هەستیانپێدەکات، لەلایەن ئەو خوداوەندانەی کە حوکمڕانی دەکەن، نوێنەرایەتی دەکرێت، گەردوون کە بەرپرسە لە دروستکردنی مرۆڤ و گۆڕانکاری لە دیاردە سروشتییەکان، بۆیە مرۆڤ دەستی کرد بە پەرستنی و نزیکبوونەوەی لێی بۆ ئەوەی دڵی خۆشبکات تا بەختەوەرییان بۆ بهێنێت، بە پێچەوانەوە نەهامەتی و زیانیان بۆ دەهێنێت (رشید، عبد الوهاب حمید، ٢٠٠٤:٨٩).

**٢. هێزی ناڕاستەوخۆ**

لە بنەچەی خوداییەوەن و بە تەواوی دەوری مرۆڤیان داوە، ئەم ڕۆحانە بەسەر دوو بەشدا دابەشبوون:

دەستەی یەکەم بریتین لە ڕۆحە پارێزەرەکان کە پێیاندەوترێت پەری یان فریشتە، وەك (لاماسو)، کە ئەرکیان پاراستنی زیندەوەرە زیندووەکانە لەسەر زەوی و پابەندبوون بە لەگەڵ مرۆڤ وەک سێبەری خۆی (کونتینو، جورج، ١٩٨٦: ٤٢٣). هەروەها شار و سنوورەکان دەپارێزێت و یارمەتی خەڵک دەدات لە مەترسی و زیانەکان دووربکەونەوە کە پێیەوە وابەستەن (وینهایم، لیو، ١٩٨١: ٤٢١). ئەو هێزە نیعمەتێکی خوداییە، کە یارمەتیدەرە بۆ دوورخستنەوەی خراپە و هێنانی چاکە و ڕۆزی و سەرکەوتن و تەندروستی، بۆیە ئەو کەسەی

ڕۆحی پارێزەری هەیە لە ژیانیدا دڵخۆشدەبێت، ئەوانیش هەروا بوون وەک یارمەتیدەرێک بۆ مرۆڤەکان مامەڵە دەکەن و دژی خراپەکار دەوەستنەوە (یوحنا، مجید کورکیس، ٢٠١٦: ٦٤٢-٦٤٣).

دەستەی دووەم: بە ڕۆحە خراپەکان نوێنەرایەتی دەکرێن، ئەم ڕۆحانە، خراپە بە هەموو جۆرەکانیەوە بۆ مرۆڤ دەهێنن، ئەم ڕۆحانە دابەشبوون بەسەر جنۆک و گۆبلین، دانیشتوانی میزۆپۆتامیا پێیانوایە بوونیان هەیە، ژمارەیەکی زۆر لەم ڕۆحە خراپانە سەرچاوەی خۆیان دەگەڕێننەوە بۆ خودای ئانو، کە بەسەریدا زاڵدەبێت (خودا مەردوخ) و هۆکاری ئەوەی خەڵکی میزۆپۆتامیا باوەڕیان بە بوونی ئەو ڕۆحانە هەیە، گۆڕانکارییەکە لە سروشتدا ڕوودەدات، وەک لافاو، زریان کە لە بەهاردا ڕوودەدات، وشکەساڵی و قاتوقڕی لە وەرزی هاویندا، تەنانەت نەخۆشی و پەتا و کارەساتی سروشتیی ترلە پشتیانەوە ڕۆحە خراپەکان یان تووڕەیی خودایی هەن، کە ئەو ڕۆحانە هاندەدەن بۆ ئەنجامدانی کارەکانیان، ئەمانەش وێنەیان گیراوە، ڕۆح و جنۆکەکان تەنها بە جێبەجێکاری فەرمانی خوداوەندەکان دەیانزانن و کە لە ڕێگەیەوە دەنێردرێن. پێش ئەوەی خوداوەندەکان بێنە لای مرۆڤەکان، بۆ جێبەجێکردنی سزای خودایی لەسەر مرۆڤە گوناهبارەکان زۆرجار جنۆکە خراپەکان وەک ڕۆحێک خەیاڵ دەکران کە نوێنەرایەتیی زریان، با، یان کەشوهەوا کۆمەڵێک بوونەوەری ئاڵۆزن کە زۆرجار لە دەقی مێخی و بەرهەمە هونەرییەکاندا دەردەکەون (علي، فيحاء مولود، ٢٠١١: ٢٢٥).

### ٣. بوونەوەرە تێکەڵەکان

بریتین لە فۆرمێکی خەیاڵیی بوونەوەرەکان کە شێوەی خۆیان لە واقیعەوە وەردەگرن، بەشە ڕاستەقینەکان و بەشە جیاوازەکانیان کۆکراونەتەوەو تێکەڵکراون کراون بۆ یەک بوونەوەر و ئەم بەشانەش هەریەکێک لە مرۆڤ، ئاژەڵ، یان ئاژەڵی جۆراوجۆر وەرگیراون، ئەمانەش سیفەتی خوداوەندیان پێدەدرێت، وەک نەمری و پۆشینی تاجی قۆچدار، کە بە هێمای خوداییبوون لای دانیشتوانی وڵات دادەنرێت و بەخشینی پیرۆزی و دەسەڵات (جرك، اوسام بحر، ٢٠٠٤: ١٢٦).

بوونەوەرە ئەفسانەییەکان لە وێژەو دیمەنە هونەرییەکانی زاگرۆسدا ڕۆڵێکی گرنگیان پێدراوە، هەروەك لە میزۆپۆتامیا و ناوچەکانی تر، ئەم بوونەوەرانە هەندێکیان ڕۆڵێکی باش و چاکەکارییان پێدراوە ودۆستی مرۆڤن، هەندێکیشیان بە پێچەوانەوە وەك شەیتان، ئازاردەر ناویانبراوە ڕۆڵی وایان پێدراوە، کە زیان بەمرۆڤ دەگەیەنن، هەندێکیان هەردوو ڕۆڵەکەیان پێدراوە، هەندێکیان ڕۆڵی پاراستنی کۆشك و تەلارەکانیان پێدراوە، وەکو لاماسیو lamassu ...هتد (الأسود، حکمت بشیر، ٢٠١١: ٤٧-٤٩).

لێرەدا هەوڵدەدەین هەموو ئەو تێڕوانینە جیاوازانەی لەسەربوونەوە ئەفسانەییەکان، بوونەوەرە تێکەڵەکان وخواوەندەکان بەهۆی جیاوازیی ئەو سیفەتانەی لەبارەیانەوە باسکراون بخەنەڕوو، لەگەڵ ئەوەشدا تیشکبخەینە سەر ڕەنگ و شێوەو نەخشاندنەی، کە لەسەر بەجێماوەکان و پاشماوە مێژووییەکان دەرکەوتوون، وەك پەیکەرو نوسراو و مۆرو هەڵکۆڵدراوەکان:

أ. خواوەندەکان

ب. بوونەوەرە تێکەڵەکان

**٣. ١. گلگامێش** (Gilgames)

گلگامێش بەیەکەم پاڵەوانی ئەفسانەیی دادەنرێت لە مێژوو و ئەدەبیاتی جیهانیدا (باقر، طە، ١٠٠:١٩٧٦)، کە لەدایکی خواوەند نینسون و باوکی لوگالباندا لەدایکبووە (Dally, 2000: 40)، باوکی لوگالباندا پادشای بنەماڵەی یەکەمی ئورك بووە، لەسەدەی ٢٧ پ.ز ناوی لە لیستی پادشای سۆمەریدا هاتووە (Jacobsen, 1939:18) لەڕووی مێژووییەوە گلگامێش فەرمانڕەوای دەوڵەتی شاری ئورك (بنەماڵەی یەکەمی وەرکا) لەدەوروبەری ٢٦٧٥پ.ز بووە شاری ئووروکی دروستکردووە، شەڕی لەگەڵ پادشای بنەماڵەی یەکەمی کیش ئەگگا Agga کردووە (pritchard,g.B,1969:p45).

گلگامێش کەسایەتییەکی میژوویی هەیە، پادشای پێنجەمی بنەماڵی ئورکی یەکەم بووە لەنێوان (٢٦٥٠- ٧٠٠پ.ز)دا ژیاوە، بەپێی لیستی پادشاکانی سۆمەر، لەدوای تۆفانی نوح، پادشایەتیی لە لەکیش دەستیپێکردەوە، پاشان بۆ ئورگ گوێزراوەتەوە، هەروەها کە بەپێی بەڵگەکانی پادشای سۆمەری بەناوی (ئی –ئانا) باسکراوە، ئەوەش ناوی زنجیرەی کۆنی یەکەمە لەشارەکە و زنجیرەیەکی تر، کە بە (کلاب) ناسراوە، لێرەدا گلگامێش بە پێنجەم پادشای بنەماڵەی ئورک ناویهاتووە (Black, Jeremy, 1992:pp166-167)، لەگەڵ ئەوەشدا ستیفن دالی پسپۆڕی مێژووی کۆنی ڕۆژهەڵاتی نزیک دەڵێت؛ ناتوانین مێژوویەکی ورد بۆ ماوەی ژیانی گلگامێش دابنێین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەسەر ئەوە ڕێکەوتووین، کە لەنێوان (٢٨٠٠– ٢٥٠٠)پ .ز دا بێت(Dalley, Stephanie, 1989: p40).

پاڵەوانێکی تر لەداستانی گلگامێشدا کە ناویهاتووە، ئێنکیدووە، دوایی ئەوەی خواوەندەکان گوێیان لە سکاڵاکانی خەڵکی گرت دەربارەی ستەم وزۆرداریی بەرامبەر خەڵکەکەی وایان پێباشبوو ڕکابەرێك بۆ گلگامێش دروستبکەن کە لەڕووی هێزو تواناوە هاوشانی گلگامێش بێت، تاوەکو ببنە ڕکەبەریی یەکتری و کێبرکێ بەردەوام بکەن، خواوەندەکان ئەم کارەیان بە خواوەند (ناڕوڕو Aruru)سپارد، خواوەند ناڕوڕو تۆپەڵێك

قوڕ بۆ جیهانی دەشتەکان هەڵدەدات و ئێنکیدو دەخولقێنێت، وەك لەتابلێتی یەکەمدا هاتووە:

١٠١ نارورو دەستەکانی شۆرد

١٠٢کەمێك خۆڵی هەڵگرت، فڕێیدایە سروشتەوە (جیهانی دەشت)

١٠٣ لەوێدا ئێنکیدوی پاڵەوان دروستبوو. (Geogre, 2003: pp544-545).

بۆیەکەمجار ئێنکیدو لە دەشت لە دایکبوو، ڕاوچییەکی گەنج ئێنکیدو دەبینێت و بەپەلە خۆی دەگەیەنێتە لای باوکی، باسی دیتنی ئێنکیدوی بۆ دەکات کاتێك کەچۆتە شاخ باوکی پێیدەڵێت ئەم هەواڵە بگەیەنێتە پادشای وڵات، ئەوەی تێبینی دەکرد کە ڕاوچیەکە بەباوکی دەڵێت بۆ ڕاوکردن چۆتە ناوچەیەکی چیا وەکو دەزانرێت لەبیابانی ڕۆژئاوای میزۆپۆتامیا چەند چیایەکی لێیە یان مەبەستی زنجیرە چیاکانی زاگرۆسە، کە دەکەوێتە خۆرهەڵات و باکووری ڕۆژهەڵاتی وڵاتی سۆمەرەوە، ئێنکیدو بۆ لەناوچەی شاخ بووە؟ کەئەو لەلای خواوەندەوە دروستکراوە سیفەتی وەکو گلگامێشی پێدراوە، لە ڕووی هێزو دەسەڵاتەوە (حسن، محمد خليفه، ١٩٩٧: ٦٨)، لەتابلێتی یەکەم دێڕی ١٢٤ دەڵێت:

١٢٣: هەرە بەهێزترین لە وڵاتدا، ئەو خاوەنی هێزە(Geogre, 2003: 544-545).

لێرەدا دەبینرێت خواوەند لە دەشت و شاخەکان نیشتەجێیانکرد، بەڵام چ شاخێك؟ دووبارە ناوچەی زاگرۆس.

### ٣. ١. ٢. ئاراستەی گەشتەکەیان

لەتابڵێتی سێیەم بۆ چوارەم باس لەگەشتی بەرەو دارستان دەکات (حنون، ٢٠٠٦:٤١)، بۆ ڕاو و هێنانی دار، گلگامێش و ئەنکیدۆی هاوڕێی لەگەڵ (٥٠) شوێنکەوتەی هەڵگری تەور لە ئورکەوە بەرەو زەویی زیندوو گەشتدەکەن، تا ناوی خۆی لەوێ جێگیر بکات، مەبەستی لەوە بوو کە بەدوایی نەمریدا گەڕاوە، بەڵام لەوەدەچێت کە مەبەستی تری هەبووبێت لەکاتی تێپەڕبوونی شاخی حەوتەم گوێی بەخواوەند ئیل نەداوە، کەوتووەتە ناو داری ئیرین، لێرەدا دەردەکەوێت، کە مەبەستەکەی گلگامێش جێگیرکردنی ناو نەبووە، بەڵکو بۆ ئەوەبووە، کە درەختی ئیرین بهێنێتەوە(Hansman, J. 1976, 23-24).

گلگامێش لەباسی گەشتەکەیدا پێنج شاخی بڕیوە پاشان گەشتۆتە دارستانەکە بەمەش ڕووندەبێتەوە بەئاڕاستەی باشوری ڕۆژئاوا نەڕۆیشتون چونکە ئەو ناوچەیە تەختەو شاخی لێ نیە، لەگەشتەکەیدا باسی پەرینەوە لەئاوداناکات کەواتە لە ڕووباری

فوراتەوە نەڕۆیشتوە، ئەوەش دەریدەخات بەئاراستەی باکوری رۆژئاوا نەڕۆشتوە، بۆیە واپێدەچێت بەرەوە بەرەو باکوری خۆرهەڵات گەشتەکەی کردبێت واتە بەرەو چیاکانی زاگرۆس لەوانەیە لەشاری ئورکەو ە بەرێکەوتبن بەرەو زنجیرە چیاکانی حەمرین پاشان بەرەو شاخی قەرەداغ وبەرەو شاخی بەرانان پاشان بەرەو گۆیژەویاخود بەرەو هەورامانی تەخت رۆیشتبن چونکە جۆرە دارێك کە ناوی (تایلە) یە، کە بۆنێکی زۆر خۆشی هەیەلە هەورامان هەیە و زەردەشتییەکان بۆ ناو پەرستگەکانیان بەکارهێناوە، دارێکیشە زۆر بەرگە دەگرێت و باڵاشی بەرزە، بەرەکەشی بۆ چارەسەری نەخۆشیی تاعوون بەکارهاتووە، هەروەها دەشێت گوێزیش بووبێت، چونکە لە هەورامان گوێز هەیە لە پەنجا مەتر زیاتر بەرزبووەتەوە. ناکرێت لوبنان بێت، چونکە لەگەڵ دەقەکاندا یەکناگرێتەوە، لەڕووی دووریەوە، هەم لەڕووی شوێنی جوگرافیی دارەکانەوە، کە دەکەونەوە ناو دۆڵەکانەوە، لەکاتێکدا لە دەقەکاندا باسی لوتکەکان دەکرێت، ئەحمەد ئاماژە بەوە دەکات داری ئورز لەکاتی خۆیدا لەچیاکانی کوردستان هەبووە بەڵام ئەو دارە بەهۆی شاڵاوی داگیرکاری توشی بڕین و ڕووتانەوە بووە کۆتایی هاتووە، یادگاریان لەسەر زاری خەڵکدا نەماوە (ئەحمەد، ٢٠٠٧: ٤٨).

دارەکان وناوی دارەکان زۆر جیاوازن تەنانەت لەنێو مێژوونوسان وپسپۆران بیروبۆچونی جیاواز هەن بۆنموونە ناوی لەلای شوێنەوارەکانی سۆمەری ووپسپۆرانی مێخی پێیدەوتریت (Erin) لەدەقە بابلیەکەدا بەناوی(cedar)هاتووە (Hansman, J. 1976: 23-24). ئاماژەی بۆ تەنکیی درەختەکان کردووە، لەوە دەچێت پەیوەندیی بە ناوەکەی ترەوە بێت، واتە زەوی درەختە بڕاوەکانی ئیرین، باس لەتێکچوونی دەقە سۆمەرییەکە دەکات، بەڵام بەدواداچوون هەربەردەوامە٠ لێرەدا باسی تەنکیی دار دەکرێت، بەڵام ئورز زۆر تەنک نییە، بەڵکو زیاتر سورەچنار بە تەنکیی دەردەکەوێت٠ هەروەکو (شاسوار هەرشەمی) بە سوورەچناری داناوە (هەرشەمی، شاسوار، ٢٠١٧: ٧١)، یاخود لەوانەیە دارەکە پێشتر بڕابێتەوە بۆیە تەنک بووبێت، یان دارێک بووبێت تەنها بۆنی هەبووبێت و بۆ مەبەستی بۆنخۆشیی پەرستگا و مەراسیمەکان بەکارهاتبێت، یان بەپێی ئەو وەسفەی کراوە، دارێکی بەرزبووە بۆ مەبەستی دروستکردنی پەرستگا بەکارهاتووە.

چەند جۆرێک درەختی ئورز ئەوەی جێگای سەرنجە چ دارێك، داری سنەوبەر وهاوشیوەکانی لەناوچەکانی میزۆپۆتامیا وناوچەکانی زاگرۆس هەبوون، بەڵام George پێیوایە بە پێی کۆپییەکەی سەردەمی بابلی کۆن دەکەوێتە باکووری ڕۆژئاوای سوریا وباشوری خۆرئاوای تورکیا(George, 2007: 37).

بەڵام Hansman دەڵێت لە باسی خواوەند شەمەس هاتوە واتە ئەو شوێنەیە کە خۆر لە چیاکانەوە هاتۆتە دەرێ، ئەمەش ئەوە دەردەخات خۆر لە چیاکانی زاگرۆسەوە هەڵهاتبێت

(Hansman, J, 1976: 23-31). ڕێیتێناچێت گلگامێش چووبێت بۆ ناوچەی لوبنان بۆ هێنانی هەمان دار وهەمان شێوە کە لەناوچەکەی خۆیدا هەبیت کەتێچوونی کەم وئاسانتر بەدەست هاتبێت، درەختی ئیرین لەلایەن مێژوونوس ڕەشید بە درەختی سنەوبەر ناوی هاتووە (رشید، ١٩٧٦: ٥٧) دەبێت پێشبینیی ئەوە بکەین، کە لە دەقە سۆمەرییەکاندا ئەنکیدۆ و گلگامێش پرس بە خواوەندی ئۆتۆدەکەن، دەربارەی ئەو گەشتەی بۆ زەویی ژیان دەیکەن، ئەنکیدۆ دەڵێت: (ئۆتۆی ئازا گوتی؛ زەوییەکە لە ژێر دەستی ئۆتۆدایە، زەویی درەختە براوەکانی ئیرین لە ژێر دەستی ئۆتۆی گەورەدایە). گلگامێش وەڵامیدایەوە: "ئۆتۆ دەچمە ناو زەوییەکەوە، ببە بە هاوکارم، من دەڕۆمە ناو دارە براوەکانی ئیرینەوە، ببە بە هاوڕێم." لێرەدا ئەوەش دەردەکەوێت ئەوان سەربەخواوەند ئۆتۆبوون نەک ئنلیل. کرامەر وای بۆچووە، کە شاری ئیرین لە ڕۆژهەڵات بێت، لە برگەی دەقە سۆمەرییەکەدا هاتووە: "کاتێک ئۆتۆ لەشاخی بۆنخۆش، لە شاخی ئیرینەوە دێتەدەرەوە." (Hansman, J, 1976: 27-28).

جۆرێکی تریشی لە دار هەیە پێیدەگوترێت براتوس Bratus، کە لقی سپیی هەیە و لە کاتی سوتاندنیدا بۆنێکی خۆشی هەیە، کە لە دەوروبەری دەریای کاروون و سنووری شاری شوستار لە شاخی سکانشرو ڕواوەو لەچیاکانی زاگرۆسیش بەتایبەتی بە بەشی باکووردا (pliny,1892: 39).

دارێکی تر هاوشێوەی ئەو دارە کەناوی مێخرو Mehru لە چیاکانی کوردستان زۆر بڵاون بە بەڵگەی دۆزینەوەی دەقیك لە گردی تەل بیللا کەباسی لەبوونی ئەم جۆرە دارە دەکات کەلەو کاتەدا ئاشوریی ناوەراست بالادەست لەناوچەکانی باکووری میزۆپۆتامیا بالادەستبوون (Balatti, 2016: 46). جۆرە دارێکی تر ئێکسێلسا Excelsa زیاتر بڵاوەو دارەکەشی بەهایەکی زۆری هەیە لە دروستکردنی خانوودا، لەهەمان خێزانی سنەوبەرە، ڕەنگی لق و پۆپەکانی کراوەترە لە قاوەیی و گرنگی گەورەی ئابوری هەیە لە چیاکانی زاگرۆس دروێت بەتایبەتی خۆرهەلاتی کوردستان (Hansman, J, 1976: 32). کەواتە ئەسکیلسا و براتوس هاوشێوەن، لێرەدا دەکرێت بڵێین سورە چنارە یاخود تایلە بێت، چونکە ئەویش بۆنخۆشەو کێشی سووکەو ڕەنگیشی کراوەیە، لەڕووی ئابورییشەوە بەنرخە.

**٢.٣. خومبابە /هومبابە یان هواوە**

پاسەوانی دارستانی ئیرین (پیاو بێت یان خواوەند بێت) ئەمەش بەهاوڕێیەتی ئەنکیدۆی برادەری ئازیزی، لێرەدا نوسەر Hansman نازانێت خومبابە مرۆڤە یان خواوەندە، بەڵام زۆربەی بۆچوونەکان ئاماژە بەوە دەکەن، کە چاوەکانی سوورن و لە دەمیەوە ئاگر دەردەچێت و ددانەکانی زەردن(Hansman , J,1976: 27)، ئەمەش زیاتر لە ئەژدیها دەچێت، بۆچونی تر، کە هەیە شێوەی خواوەندی هەبێت، چونکە لەلایەن خواوەند (ئینلیل) دوە بۆ

پارێزگاریکردن لەو شوێنە دانراوە (باقر، طه: ٢٠٠٦، ص٥٣) وەکو لەتابلیێتی دووەم دێڕی ٢٢١-٢٢٣ دەڵێت:

٢٢١هومبابە دەنگی ئەو تۆفانە (تۆقینەرە)

٢٢٢ گوتاری ئاگرە، هەناسەی مەرگە (Geogre, 2003:566-567).

بەڵام هەندێک بەڵگە هەن، کەهومبابە کەسێکی باش بووبێت، چونکە بەپێی تابلیێتی گلگامێش، کە لە مۆزەخانەی سلێمانیی هەیە، باس لەو دارستانە دەکات، کە ئاژەڵی تێدا بووە و جێگای مەترسیی نەبووە، یاخود ئەمە تەنها بۆ ئەوەبوو کە مرۆڤ بترسێنن ونەچێت بەو ناوەدائەمەش کارێکی ئاساییە چونکە بەردەوام خەڵکانی زاگرۆس کە داگیرکراون وهەوڵیان داوە بە دڕندە ناویان بەرن، هەروەکومارف بۆنموونە لە داستانی کوثادا لووللوبیەکان وەك بالندەی ئەشکەوت وکەو کوندەپەپو وێناکراون (مارف، ٢٠٢٢: ١٣١-١٣٢). بۆچونێکی ترهەیە، کە هواوە لە دارستانێك لەناوچەی ئیلام دانراوە بەمەبەستی پارێزگاریکردن لە ژینگەکە و دارەکان (Sharif,& etal, 2019:400).

گلگامێش داری حەوتەمی هەڵنەکێشاوەو بەرەو ماڵی هواوا ڕۆیشتووە، بەدیلیی گرتویەتی، هواوا داوای بەزەیی کرد وتی: گیلگامێش بەڕەحم وبەزەیی بە، با لێرە لە دارستانی سیدار بژیم. ئەگەرتۆ ژیانم ببەخشی، من دەبمە کۆیلەی تۆ، بەقەد تۆ دار سێدارت پێدەدەم، خواست. تۆ پاشای ئوروکی بە فەزڵی شەماش، بە دار سێدار ڕێزی لێ بگرە، پەرستگا و کۆشکێکی سیدری شکۆمەند بۆ خۆت. هەموو ئەمانە هی تۆیە، ئەگەر تەنها تۆبەزەییم پێ ببەخشە (MITCHELL, STEPHEN, 2004: 68).

بەپێی دەقە حیسییەکە (تابلێتە حیسییەکە) هواوا پێشنیاری ئەوەی کردووە، کە درەختەکان دەبڕێتەوەو ماڵێک بۆ گلگامێش دروستدەکات، سۆمەرییەکان جەخت لەوە دەکەنەوە، کە هواوا لەلایەن ئەنکیدۆوە کوژرابێت، کاتێک هواوا پەیمانی پێدەدات، کە ماڵی بۆ دروستبکات، بەتایبەتیی بۆچوون هەیە، کە گلگامێش لەو کاتەدا دڵی نەرمبووبێت (Hansman , J,1976: 25-26).

هەرسەبارەت بەلاوازیی هواوە شەماش پێیراگەیاندوون، کە ئێستا خومبابا شەش جادووی پارێزگاریی لەبەردابووەو و دایکەندوون، تەنها یەک دانەیانی لەبەردا ماوەتەوە، لێرەدا دەردەکەوێت کە خومبابا ئەو دەسەڵات و هێزەی نەبووە، وەک پێشتر باسکراوە، پێدەچێت بۆ ترساندن دایاننناوە بەمەبەستی پارێزگاریکردن لە ناوچەکە لە دەستی مرۆڤ، لەلایەکی تریشەوە بۆچی لەلایەن ئینلیلی خواوەندەوە دانراوە؟ بۆچی شەماش یارمەتیی گلگامێش دەدات، هەر ئەوهێزی بای ناردووەبۆ یارمەتی گلگامێش (لەسووە، یۆرگن، ٢٠١٩:٦٦)،

لەکاتێکدا بەرپرسی با نەبووە؟ خواوەندی با خۆی بەو کارە هەلدەستا ؟چۆن ئەو مافەی یاوەبەخۆیی کە دژایەتی خواوەندی گەورەبکات ئایا ئەم خواوەندە جیابووە یاخود ناکۆکی لەنیوانیاندا هەبوو یاخود سەرپێچی کردوە ؟یاخود ئەو قۆناغە میژووییە مرۆڤەکان خواوەند بوو وخاوەنی هەموو دەسەڵاتیکی ئاینی بوو وەکو کەیخودا مامەلەیان کردوە، بەپێی دەقە حیسییەکە لەکاتی پاڕانەوەکەی هواوادا، پەیمانیدابوو کارێکی وابکات بۆ گلگامێش، ببێتە هۆی ڕەزامەندیی، بەڵێنیدابوو داری زیاتری بۆ ببڕێت و خانووی زۆری لە ئورک بۆ دروستبکات، ئەمەش مەبەستی گەشتەکە دەردەخات، کە بۆ کۆکردنەوەی تەختەبووە. ئەمە ئەوە دەسەلمێنێت، کە ئەو دارە نرخی هەبووە بۆ دروستکردنی خانوو بێت، یاخود پەرستگا بووبێت. لەلایەکی تریشەوە بۆیە خواوەندەکان پاسەوانیان بۆ داناوە، هەتا مرۆڤ نەتوانێت دەستی بە ئەو ناوچانە بگات ئەو سروشتە نەشێوێنێت وزیان بەئاژەڵ وسروشتی جوانەکەی نەدەن، لەوانەشە بۆ مەبەستی ترساندنی مرۆڤەکان هواوە دانرابێت، بەڵگەش ( MITCHELL, STEPHEN, 2004: 68 ) "هومبابا وتی: ئەگەر هەر مرۆڤێکی فانی، ئینکیدو، یاساکانی دارستانەکەم بزانێت، ئەوە تۆیت، دەزانی ئەمە شوێنی منە و من پارێزەری دارستانەکەم، ئێنلیل منی دانالێرە بۆ ترساندنی پیاوان، من پاسەوانی دارستانەکە دەکەم وەک ئەوەی ئێنلیل فەرمانی پێدەکاتو ئەگەر من بکوژیت، تۆ، تووڕەیی خوداوەندەکان بانگ دەکەنە خوارەوە و حوکمدانیان توند دەبێت بۆت."

لە دەقە سۆمەرییەکەش باسی ئەمە کراوە و بەرژەوەندیی ئابووری دەبینرێت لەپشت چیرۆکەکەوە، جا مەبەستی ململانی بوبێت یاخود ڕێکەوتن لەنێوان ئورکی سۆمەری و زەوی ئارتای ڕۆژهەڵاتی، ئنمرکاری سۆمەری داوای زیو و ئاڵتونی لەحاکمی ئارتا کردووە، ئەویش ڕازی نەبووە، هەتا برێکی زۆر لە دانەوێڵەی بۆ نەنێرێت، دوای هەڕەشەیەکی زۆر ئارتا کانزاو لازوەردی بۆ ناردووە، ئارتا زەوییەک بووە لەخۆرهەڵاتی ئێران، Hansman ئەوە دەکاتە بەڵگە کە دارەکان پێشتر بڕدراونەتەوە وئەو ناوچەیەش بێجگە لەدار کانزای بەنرخی لێە، یاخود بەڕوونیی باسی ئەو فشارە زۆرەی بکردایە کە لەلایەن سۆمەرییەکانەوە خراوەتە سەر ئەو ناوچەیە، بەمەش ڕوندەبێتەوە کە سۆمەرییەکان شارەزای ئەم ناوچەیە بوون و زانیویان ئەو دارە لەو ناوچەیە هەیە. ئنمیرکار بەگشتی پەسەندکراوە و لە لیستی پادشای سۆمەریدا ناویهاتووە لە دەوروبەری (٢٧٥پ.ز) خەڵکی ئاراتەبووە) (Hansman , J,1976: 26).

ئەم داستانە لەهونەری زاگرۆسدا ڕەنگدانەوەی هەبوە بەتایبەتی وەك مارف ئاماژەبەوە دەکات نوزێ پەیوەندی ئابوری بەهێزی هەبوە لەگەڵ زاگرۆسدا چونکە کەوتۆتە پێدەشتەکانی زاگرۆسەوە هەروەها بەشێوەیەکی گشتی نوزێو ئەراپخا ئەلقەی گواستنەوەن بۆ هونەری ئاشوی و زاگرۆس (مارف، ٢٠٢٣: ١٤٢)، مۆرێکی میتانی لە دێکۆن دۆزراوەتەوە، کە دێکۆن لەنزیك رووباری قلیاسانە -سەرچنارە وینەی دیمەنی زۆرانبازی گلگامێش و

ئەنكیدۆی لەسەر نەخشاوە(Marf, et al,2023: 11) ودیمەنی هاوڕێیەتیی گلگامێش و ئەنكیدۆ لەسەرمۆرێكی نوزێ (steymans:2010,436,Abb,3).

### ٣. ٢. ١. كوشتنی خومبابە

(Frankfort:1939,184,text-fig.53) دەركەوتنی گلگامێش و كوشتنی خومبابە لەسەرقاپە ئاڵتونیەكەی تەپە حەسەنلو، كە شوێنەوارێكی گەورەو مێژووییە لە خۆرهەڵاتی كوردستان، دەكەوێتە باشوری خۆرئاوای دەریاچەی ورمێ (Danti, 2013: 26) زۆر بەئاشكرا كوشتنی خومبابە لەلایەن گلگامێش و ئەنكیدۆی لەسەرە (Marf, 2016: 86-87) لەسەر قاپێكی برۆنز لە حەسەنلو دۆزراوەتەوە كوشتنی خومبابەی لەسەر نەخشنراوە (Lambert,2010: 357,fig5).



وێنەی ژمارە (١) دیمەنی دوو زۆرانباز لەسەرجامی حەسەنلو(دیبا، ١٣٥٧، ٢٦٧)



وێنەی ژمارە (٢)، وێنەی گلگامێش لە نزیك گوندی دێكۆن وەرگیراوە لە(Marf.etal.2022:11)

**٣. ٣. ئیتانا**

یەکێکی تر لە ئەفسانە گرنگانەی کە بەدوایی شیفاو چارەسەری نەخۆشی ورۆڵی باڵندەی تێدا دەرکەوتوو ئەفسانەی پادشای نێتانا یە داستانی پادشای ئێتانا پادشای شاری کیش بووە کەشارێکی سۆمەریە وکوڕی نەبوە تابێتە جێنشینی سەرەتا هاوسەرەکەی ویستی بڕوات بەدوای چارەسەردا بگەڕیت بەڵام دوایی پادشا ئێتانا بڕیاری داوە خۆی لەسەرپشتی باڵندەیەك بفرێت بۆ چیابەرزەکان بۆ لای خواوەندی ئاسمان ئانو تاچارەسەری نەزۆکی بێنیت وکوڕێکی پێ ببەخشێت ئەم داستانە لەهونەروئەفسانەکان وچیرۆکەکانی زاگرۆس ڕەنگدانەوەی هەیە زۆر جارگوێبستی چیرۆکەکان دەبین کە پیاویك بەدوای چارەسەربۆ ژنەکەی رووی لەکێوان کردوە، ئەم داستانەی ئێتانا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی بابلی کۆن کەلەشاری سوسەی /لارسا عیلامیەکان دۆزراوەتەوە (٢٠٠٠-١٦٠٠پ.ز) دەقیکی ترلەسەردەمی ئاشوری ناوەڕاست دۆزراوەتەوە ١٦٠٠-١٠٠٠پ.ز)(McCall, 2001: 18-19). دەقێکی تر بەشێوەزاری ئاشوریی نوێ لەهەزارەی یەکەمی پێش زایینی لەنەینەوا لە کتێخانەکەی ئاشوربانیبال دۆزراوەتەوە (حسین، مازن محمد، ٢٠٢٢: ١٦٠).

ئیتانا زۆر عەوداڵی چارەسەربوو (Black, Jeremy and green, Anthony, 2004: 78).

بۆیە لەدەقێکدا "هەموو ڕۆژێك ئێتانا داوای لیخۆشبوونی لەخواوەندی خۆر ئوتوئەکرد (پێیدەوت)ئەی ئوتو /شاماش قەلەوترین مەرەکانی منت خواردووە گڵی زەوییەکەم بەخوێنی بەرانەکان تێرکردوە لەبەرخاتری تۆخواوەندەکانم خزمەتکردووە وخواوەندەکان ڕازیبوون لە خواردنی چێشت و گۆشتی مەڕ ومالاتەکانم ئەی خواوەند من، با لەدەمی تۆوە فەرمانێك دەربچێت بۆ خاتری من، ڕووەکی منداڵبوون واتە (گیای چارەسەری نەزۆکی)م پێ ببەخشە" (باقر، ١٩٧٦: ١٣٢).

سەرەتای داستانەکە بەوە دەستپێدەکات پاشانشینی لە سەرزەوی هێشتا بنیاد نەنرابوو، بناغەی ودروشمەکان لە ئاسمانەوە دانەبەزی بوو، بەڵام تەوای نەکراوە بەهۆی شکاوی زۆر لە تاتەقورەکەدا دەستپێکی ترلەشوێنێکەوەیە بە هاوڕیەتی بەستنی پەیمان لەنێوان باڵندەی داڵ و خشۆکی مار دەکات، کە لە بەردەم خواوەندی خۆر (ئوتو/شەمەس)سوێند دەخۆن (بلك، رجرمی وگرین، انتونی: ١٣٨٣، ١٣٥)، ڕێز لە پەیمانەکە بگرن لەپەیمانەکەدا بڕیاریان دابو هەر ڕۆێك یەکێکیان بچن بۆ ڕاوکردن بەشی ئەوی تروبێچووەکانی هەردووکیان خواردن بهێنیت لەپای ئەو کارەش ئەوی تریان چاودێری بێچوەکانی هەردووکیان بکات، بەلام داڵەکە پابەندی بەڵێنەکە نەبوو، ڕۆژێك فرسەتی هێناو توولە مارە بچوکەکانی هاوڕێ خوارد، مارەکە بەم کارەی هاوڕێکەی زۆر توڕەبوو بڕیاری تۆڵەکردنەوەی دا بۆیە خۆی گەیاندە لای خواوەند خۆر کە یارمەتی بدات "خواوەند

حۆر هاوكاری دەبێت پێی ڕادەگەیەنێت بە بچێتە ناو كەلاكێكی مرداربووەوە هەتا داڵەكە دەنیشێتەوە لەو كاتەدا فرسەت بهێنەوە تۆڵەی خۆتی لێبكەوە"(SAACT II,2001,P21.Tab.3) ئەم پیلانەی سەردەگرێت وداڵەكە دەكەوێتە ناو چاڵەكە، داڵەكە زۆر لە خواوەندی خۆر دەپاڕێتەوە كەڕزگاری بكات، بۆیە خواوەند نەیویست یەكسەر هاوكاری بێت ویستی لەڕێگای كەسێكی ترەوە هاوكاری بكات، ئەویش ئیتانا پاشایە ( Ghaempanah, 2014: 236).

ئیتانا زۆر لە خواوەند دەپاڕێتەوە تا منداڵێكی پێ ببەخشێت، ئەویش لەڕێگای دەستكەوتنی ڕووەكی یارمەتیدەری شامو شا ئەلیدی (samu sa aladi) دواجار خواوەند ئامۆژگاریدەكات بچێت بۆلای ئەو چاڵەی داڵەكەی تێدایەو یارمەتی بدات تاچاكدەبێتەوە (حسین، مازن محمد، ٢٠٢٢: ١٦٠). لە یاداشتی ئەم كارە داڵەكە دەیخاتە سەر پشتی بۆ ئاسمانی دەبات تا ڕووەكەكەی دەستبكەوێت (باقر، ١٩٧٦: ١٣٢).

مۆری لوولەیی كە لە مۆزەخانەی بەریتانیادا پارێزراوە، مێژووەكەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئەكەدییەكان (نزیكەی ٢٢٥٠ پێش زایین) لە سەرەوەی لای چەپیدا دەیبینین شا ئیتانا سواری پشتی هەڵۆیەكی بەرزبووە بەرەو... ئاسمان، بەڵام ئەستێرەی ئیشتار نابینین. لە خوارەوەی دەبینین تاكە سەگێك هاوار دەكات و سەری بەرەو ئەو بەرز دەكاتەوە. لە تەنیشت سەگەكەوە، سێ بزن بە سەركردایەتی شوانێك كە دارێك بە دەستی چەپی و قامچییەك بە دەستی ڕاستی گرتووە سەرپەرشتی دەكرێت، وكۆمەڵێك خاڵ هەیە كە ئەمە ئاماژەیە بۆ مانگ و ڕۆژ و ماوەی لەدایكبونی منداڵەكەی، ناوی ئیتانا لە كۆمەڵێك ئاماژەی كۆنی سۆمەریدا هاتووە، پێش ئەوەی ئەفسانە لەسەری بنووسرێت. لیستی شاهانەی سۆمەری باسی لەوە كردووە كە ئیتانا سێزدەهەمین "حوكمڕان"ی یەكەمین بنەماڵەی كیش بووە، كە دوای لافاوەكە حوكمڕانی كردووە. لەسەر یەكێك لە لوحەكانی ئەم لیستە دەخوێنینەوە، كە بە شێوەی مێخی تۆمار كراوە: «ئیتانا، ئەو شوانەی كە بەرەو ئاسمان بەرزبووەوە و لە سەردەمی خۆیدا بارودۆخەكان سەقامگیر بوون». وڵات، بوو بە پاشا و ١٥٦٠ ساڵ حوكمڕانی كرد". لە لوحێكی دیكەدا هاتووە كە ئەو بۆ ماوەی "١٥٠٠ ساڵ" حوكمڕانی كردووە، ئەمەش ئەوە دەردەخات كەپادشا ئیتانا لەلیستی سۆمەریدا بە شوان ناوبروە ( March, 2010: 230).

مۆرێكی ئیلامی هەیە، دیمەنی فڕینی ئیتانای بۆ ئاسمان لەسەرە (Ghaempanah:2014 ,p135,fig 3) ئەم ئەفسانەیە كاریگەری زۆری لەسەر زاگرۆس هەبوە بۆنموونە لەسەر جامەكەی حەسەنلوكە مێژووەكەی بۆ كۆتایی هەزارەی دووەم و سەرەتای هەزارەی یەكەم دەگەڕیتەوە (Stein, 2001: 15)، لە حەسەنلو جامێكی زێڕین دۆزراوەتەوە، كە لە كاتی سوتانی حەسەنلو (شاری مێشتا)دا لە سەدەی نۆیەمی پێش زایندا بە دەست

کەسێکەوە بووە، خەنجەرێك لە پشتی چەقیوە، لە سەر دەم بەسەر جامەکەدا کەوتووە و سوتاوە، جامەکە لەکاتی کنەوپشکنینی تەپە حەسەنلو، لەلایەن شوێنەوارناسی ئەمریکی (دایسۆن) بەهاوکاریی تیمی پشکنینی ئێرانی لە ساڵی (١٩٥٨) دۆزرایەوە(طلایی، ١٣٩٤: ٧٣).

یەکێك لەدیمەنەکانی سەرئەم قاپە دەرکەوتنی لە بەشی خوارەوەی چەپدا دیمەنێک هەیە، منداڵێک پێشکەشی کەسێک دەکرێت، کە لەسەر تەختێک دانیشتووە، بە دەستێک ئامێریك یان چەقۆیەکی گرتووە، دەستەکەی تری بەرەو منداڵەکە درێژدەکات، ئەمەش پەیوەندیی بەداستانی کومبارییەوە هەیە (خوارحم، ١٣٨٤: ١١٩). ئاماژەیە بە منداڵی ساوا، دروستبونی پەیوەندی گیانی و کرداری ناوکبڕین و خەتەنەکردن(کامبخش فرد، ١٣٨٠: ٢٧). بەڵام مارف پێیوایە ئەم دیمەنەو دیمەنی منداڵەکە لەسەر پشتی داڵەکە، هەردووکیان پەیوەستن بە داستانی پاشا ئیتاناوە، لێرەدا ژنەکەی دەنێرێت بۆ ئاسمان، ئەویش دەگەڕێتەوە و مەلۆتکەیەک بۆ پاشا دەهێنێت(Marf, 2016: 105-106). هەرلەسەرجامەکەوێنەی ژنێك لەسەر پشتی باڵندەیەک دەبینرێت، کە ئەو وێنەیە لەسەر مۆرێکی سەردەمی ئەکەدییەکانیش هەیە (کۆتایی هەزارەی سێیەمی پێش زاین)، ڕەنگە هەڵۆ ژنێکی نەزۆکی هەڵگرتبێت، هەتا لای خوداوەندەکان داوای گیای چارەسەری نەزۆکی بکات (دیبا، ١٣٥٧: ٢٦٢). هەبوونی ئەم وێنەیە لەجامەکەدا دەمانباتەوە بۆ لای چەند ئەفسانەیەك، وەك ئەفسانەی (ئیتانا)ی پادشای کیش، کە لەسەر پشتی هەڵۆکە دەڕوات بۆلای خواوەند، لێیدەپاڕێتەوە بۆ وەرگرتنی گیایەك بە مەبەستی چارەسەر بۆ ئەوەی کوڕێکی ببێت، تا ببێتە جێنشینی. جیاوازیی نێوان دروستبوونی لەگەڵ وێنەکەی جامی حەسەنلو لە هەزار ساڵ زیاترە، بەڵام نزیکیی بابەتەکە پێماندەڵێت، دەشێت پەیوەندیدار بن و کاریگەریی لەسەر جامەکە دانابێت، مارف پێیوایە لەوانەیە لە زاگرۆس، ئەم ئەفسانەیە بە شێوەیەکی تر وەرگیرابێت، گۆڕانکاری لەگێڕانەوەکەیدا کرابێت، بە جۆرێک کە لە بری پاشا ئیتانا، ژنەکەی نێردرابێت بۆ ئاسمان، لەبەرئەوە لەجامەکەی حەسەنلودا ژنەکە لەسەر پشتی باڵندەکەیە، لەلایەکی تری دیمەنەکەوە، هەر لەسەر جامەکە، ژنەکە دەبینین لەسەر زەوی کۆرپەیەک دەدات بە پاشاکە (Marf, 2016, 105-106).

بەڵام مۆری سلندەری مۆزەخانەی ئاشمۆلی شتێکی ترمان پێدەڵێت. ئەمەش لەهونەرەکانی زاگرۆسدا ڕەنگدانەوەی هەبوە وەکو شا ئیتانا لەسەر پشتی هەڵۆیەک دەبینینەوە، دوو سەگی لە ژێرەوەیە و لە پشتیەوە شوانەکە دەبینین کە چەندین جار بینیومانە قامچییەکەی هەڵگرتووە و قۆڵی ڕاستی بەرەو... بەرزترین. وا پێمان وایە بەشەکەی تری دیمەنەکە لە شاخدا ڕوودەدات، چونکە ئەو کۆمەڵە بەردەی لە وشەسازیی پەیکەرسازی سۆمەریدا ئاماژەیە بۆ شاخێک، ئێمەش پیاوێک لە ناوەڕاستدا جیا دەکەینەوە.

ئەو دوو شاخی لای ڕاستیان سەردەکەوێت زەحمەتە ئەم بەشەی دیمەنەکە ڕوون بکەینەوە، بەو پێیەی هیچ شتێکمان نییە کە پێمان بڵێت باسی چی دەکات.ئەمەش ئەوە دەردەخات کە نەچوبێت بۆ ئاسمان تەنها لوتکەی شاخ، بەڵام لە هەندێك شوێن ئەمە نیشانەیە بۆ مانگ و ڕۆژ.

دەرکەوتنی وێنەی سەرمۆرێك لە ئورکیش کە دیمەنی خواردنەوە دەبینرێت، کەسەکە دانیشتوە تاجی لەسەرنیە ڕەنگە یەکیك بیت لەپادشایانی ئورکیش لەبەردەمی کەسێك وەستاوە قەبارەی بچووکە جلێکی کورتی لەبەردایە لەدەستی ڕاستی کاسەیەکی پێیە پێشکەشی ئەو کەسەی دەکات کە دانیشتوە بەدەستی چەپیشی سەری گایەکی ڕاکێشاوە کە ڕەنگە بۆ قوربانی بێت ولەولاشەوە باڵندەی هەڵۆ دەبنریت کە دارێکی بەدەستەوەیە لەوە دەچیت چاروەرێ منداڵ بێت (سیدە، ژینۆ عبداللە، ٢٠٢٤: ٦٤).

**٣. ٤. خواوەندی دایک**

خواوەندی دایك دەرکەوتنی مێیە ڕۆڵێکی بەرچاوی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا هەبوو چ وەك دایك چ وەك خواوەند، ناوچەکانی زاگرۆس بەدەرنەبوون لەم ڕۆڵانە، وێنای خواوەندی دایك ئەو خواوەندەی هێمایە بۆ کۆکردنەوەی هێزی لەدایکبون وبەرهەم وبەپیتی، جگەلە بەرپرسیارێتی لەپارێزگاری مرۆڤ لەهێزی خراپە، نەوە خستنەوە شیردان وگۆشکردن ئەمەش لە نەخشەکان لەزاگرۆس دەرکەوتوون بۆنموونە نەخشاندنی ژنێکی ڕووت لەسەرکورسیەکی بەردین لەبینای ستوونی شێرەکان لە گۆبەکلی تەپە Göbekli Tepe دۆزراوەتەوە لەم نەخشەیەدا ژنێکی ڕووتە کە قژیکی کورتی هەیە لەکاتی منداڵبووندایە، دەستێکی بۆ سەرەوە بەرزکردۆتەوە و دەستێکی بۆخوارەوە درێژکردوە (درویش، نضال محمود، ٢٠١٥: ٦٩).

مەمك لەئەفسانەکاندا هێمابووە بۆ مێینە و دایکایەتی، بووکەڵەی قوڕین لەشیوەی ژن کە دانیشتوون بەدەستی مەمکە گەورەکانی گرتووە، ئەم بووکەڵانەش بەخواوەندی دایك ناوبراون کە هەڵگری هەمووسیفاتەکانی ڕەگەزی دووگیانی و منداڵبوون و شیرپێدان و بەپیتین، ئەمەش لە زاگرۆسدا ڕەنگدانەوەی هەبوو، ئەو لە هەریەکە لە تەل حەلەف، چەکەر بازار (سیدە، ژینۆ عبداللە، ٢٠٢٤: لا٢١).

لەناڤالی چۆری کە دەکەویتە ڕۆژهەلاتی فورات و ناوچەی ئورفە چەندەها بووکەڵەی مێینە دۆزراوەتەوە کە گوزارشت لە خواوەندو زاوزێ دەکات گرنگی دراوە بەدەرخستنی مەمکی گەورە، هەرلەساڵی ١٩٥٦ لەنزیك هەرێمی ئەدیامان ٨٥کم لەباکوری ناڤالی چۆری کێلێك دۆزراوەتەوە لە شێوەی پیتی T ئینگلیزیە لەبەردی کلس دروستکراوە بەشی خوارەوەی شکاوە لووتی درێژەو ڕوخساری شێواوە و شانی ڕاستەوخۆ کەوتووەتە ژێر

سەریەوە بەهەردوو دەستی منداڵێکی گرتووە و لەخوارەوەی جەستەی کونێکی تێدایە لەشوێنی منداڵدانی منداڵەکە گوزارشت لەمنداڵێکی بچووك دەکات کە لەسکی دایکیدایە، هاتنەدەرەوەی لەوکونە یاخود ڕەنگە پەیوەندیی بەلەدایکبوون زۆربوونی مرۆڤەوە هەبێت (درويش، نضال محمود، ٢٠١٥: ٦١-٦٢).

لەتەپەسەراب ڕۆژهەلاتی کرماشان بووکەڵەیەکی ژن دۆزراوەتەوە کە مەمکێکی گەورەی قاچێکی ئەستورو ورگێکی گەورەی هەیە کە هەمووئەمانە هێمان بۆ زۆربوون، هەروەها لە قالێچ ئاغا بووکەڵە دۆزراوەتەوە لە چینی دووەم کە بووکەڵە مێینەکان لەحالەتی دانیشتن دابوون شێوەی قوچەکی، سەری بازنەیی لاشەی فراوان بوو لەناوقەدیدا قاچەکانی بە بچوکی دروستکراون ئاماژەن بۆبەپیتی، چونکە خاوەنی پەیکەرەکە بایەخی بەناوچەی کەمەری داوە ئەو ناوچەیەش ئاماژەیە بۆ پیت و بەرەکەت (سیدە، ژینۆ عبدالله، ٢٠٢٤: ٢٣-٢٤).

مەمکی دێو مەمکێکی داخستوە و یەکێکی داوەبەخۆیدا، دێوەکان و شێوەیان لەئەفسانە کوردییەکاندا یەك لە پەیوەسترین شێوەکانی ئەفسانەی دێرینی ناوچەی زاگرۆس، ئەفسانەکان لەگەڵ دێوەکان ومخلوقاتی تێکەڵو سەیرو سەمەرەکان وچیرۆکی پەیوەندیدار نزیك دێو زۆر جارنیشانەی هێزوبەتوانایی ودەسەلاتی دەرەوەی مرۆڤن، کە ئەمە دەگەڕێتەوە بەربەکلتورودۆزینەوەی ژینگەی خەڵکی کوردستان، دەرکەوتنی دێو لەشەودا تارمایی جۆراوجۆر لەئەفسانەکانی موکریان وهەورامان وپشدەر ڕەنگیانداوەتەوە بۆنموونە ئەفسانەی کچە دێوەکان، دێوە شێخان کە ئەفسانەیەك ناوچەی بادینانە لەکەژوچیاکاندا دەرکەوتوە وئەفسانەی شەرتی خەیاڵ و هەستی مرۆڤ، کە دەربارەی مرۆڤ ومەخلوقاتیکی جادویی کە تاقیکردنەوەی ئەزموونی مرۆڤ دەبیت بەرەو شەڕوخەیاڵ ئەفسانەکە بەدرێژایی توشی هێماکانی دەنگ و ناڕەزایی مرۆڤ وشەڕە گەورەیەکان دەبێت، ئەفسانەی چیاو ئاسمان، ئەفسانەی مەلیکە خورماو دەریا (هەورامی، عەلی، ١٩٨٤: ٣٣)، ئەفسانەی چیاو ئاسمان، دەرەگای ژینگە ودژایەتی ئاسنگەری دێو، ئەفسانەی دێوی مەمکزل (عەبدول، مەحمود، ١٩٨٨: ٢٣-٢٨) و دەرکەوتنی دێوی ڕەش وسپی وزەبەلاح وترسێنەر لە ئەفسانەکانی هەورامان دەرکەوتوە وەکو ئەفسانەکانی دێوە چەرمەو دێوەسیاو(حاجی زەڵمی، ئیبراهیم، ٢٠١٤: ١٥)، دەرکەوتنی دێو پیرەژنە دێو، دێوی سپی و دێوی ڕەش، ولاخەبەرزە، ئەسپی باڵدارو کچی شای پەریان و باڵداری ئەفسوناوی و سیمرغ، شاماران و مەڕوانە هەرەشەی دێوان بڕوانە جەوهەری پیاوان، کە ئەمە ئەفسانەیەکی تایبەتە بە ناوچەی پشدەر (ئەمین، زیاج محەمەد، ٢٠١٠: ١١).

**٣. ٥. خواوەند شاوشكا/ئیشتار/ئینانا**

لەلای خوریيەكان بە شاوشكا ناسراوە خواوەندی پیت و بەرەكەتە و جەنگ و شیفایە بەشێوەی ژنی باڵدار كە لەگەڵ شێرێكدا وەستاوە، زۆرجاربۆمەبەستی چارەسەربكارهاتووە بەدیاری نێردراوە بۆ فیرعەونی میسر وبە خواوەندی ئینانا چوێنراوە پەرستگای هاوبەشی لەگەل خواوەند تیشوی خواوەندی گەورەی خۆری ومیتانی هەبوە لەشاری نوزێ (مرعی، ٢٠١٩: ٣١٦). هێماكەی ئەستێرەی گەلاوێژبووە (هەشت تیشك) دواتر وەك گوڵ، دواتر لە شێوەی شێرو پڵنگ دەركەوتوە(ابو خضير، ٢٠١٦: ٤٥٤)و بە (Hanigalbat) ناسراوە (رشيد، عبد الجبار رشيد، ٢٠١٩: ٢٤٧).

ناوهاتنی لەدەقی نوسراوەكانی بێتوانە بەشێوەی ئینانا هاتووە، هەروەها لە وێران تەپە كەشاری نوزێ خوریەكان دەگریتەوە مۆرێكی لوولەی دیمەنی ژنێك دەركەوتوە كە گوزارشتە لەخواوەند شاوشكا وخواوەند لاما وئیشتاریش بەرووتی دەركەوتون (سيدە، ژینۆ عبدالله، ٢٠٢٤: ٢٨).

وێنەی سەرمۆریك لە لەگردی بەراك كەوێنەی سێ كەسی تێدا وێناكراوە كەسی یەكەم دەستی ڕاستی بەرزكردۆتەوە كە مەبەستی سلاوكردنە لەبەردەم ئافرەتێكی ڕووتدا كە لەوە دەچێت شاووشكا بێت بالی هەیە وكەسی سێیەم لەگەڵ شێردا دەجەنگێت لەدۆخی ڕووربەڕووبونەوەدایە لەگەڵ بوونی هێمای ئەستێرە لە پشتی شێرەكە (Matthews,d,1997,op.cit,fig,67,p51)، خواوەند ئیشتار خواوەندی سۆمەری لای ئەكەی بە عیشتار ناویهاتووە (السعدي، ٢٠١٥: ١٣٠)، لەسەر بنەچەی كچی خواوەند سینەو دایكی خواوەند نینگال و خوشكی خواوەند خۆرە ئەركی سەرەكیی خۆشەویستی بووە ( Stuckey, 1987,p37)، بەناوی جۆراوجۆر پەرستراوە، لەنەینەوا بەئیشتاری خۆشەویستی، لە ئەربێلا بەئیشتاری جەنگ ناسراوە (MacGinnis, 2020,pp101-118) خواوەندی ئیشتار لە نەخشەو هەڵكۆڵراوەكانی كوردستان دەركەوتووە وەكو ژنێكی جەنگاوەری ئازا لە هەڵكۆڵراوەكەی ئانوبانینیدا دەركەوتووە (كەلهوری، ٢٠١٧: ١٨٧-١٨٨). لە هەڵكۆڵراوی ئیدد یـ(ن)-سین پادشای شانشینی سیمورم خواوەندی ئیشتار بەرامبەر پادشا دەركەوتووە .(Ahmed, 2012: 306)

لەنەخشەكەی(ماڵتای -معلثای)دەكەویتە باكوری میزۆپۆتامیا ٧٠كلم لە باكوری موسڵ لەباشوری ناوەندی شاری دهۆك لەدامێنی چیای زاوا كە دیمەنی دوو خواوەندی ژن وێناكراوە كە ئەوانیش هەریەك لە خواوەند ئیشتارو خواوەند ئینلیلن (سیدە، ژینۆ عبداللە، ٢٠٢٤: ١٢٨)، زۆر جار لەشێوەی ئەستێرەی هەشت تیشك دەركەوتون، نمونەشمان زۆرە لەسەری لەكوردستان، بۆنموونە مۆرێك لەساتوو قەڵا دۆزراوەتەوە كە مێژووەكەی بۆ سەدەی ٩پ.ز

دەگەڕێتەوە، هەروەها مۆرێك لە حەسەنلوی نزیك ورمێ كە هاوشێوەی ئەم مۆرانەن دۆزراوەتەوە، لەوانەشە ئەم هێمایە مانای شەو و ڕۆژ بگەیەنێت، لەهەمان كاتدا بەمانای خواوەندیش دێت (بلك، رجرمی و گرین، انتونی، ۱۳۸۳: ۹۰).

**۳. ٦. خواوەند لاما**

خواوەندێكی تایبەت بەتاكە كەسان بوو، ڕۆڵی نێوەندگیریی نێوان مرۆڤ و خواوەندە گەورەكانی بینیوە و كاری پاراستنی مرۆڤ بووە لە هێزە شەڕەنگێزەكان، خواوەندێكی سۆمەری تكاكارە و كۆنترین هێمایەك بۆ ناوی خواوەند لاما لەدەقێكی دۆزراوەی شاری قارە/شرپاك، كە بۆسەردەمی بەرەبەیانی بنەماڵەكان دەگەڕێتەوە، بینراوە (البیاتی، ۲۰۰۱: ۱۷).

لەهونەری زاگرۆسدا بەزۆری لەسەر مۆری میتانییەكان لەنوزێ دەبینرێن، ئەم خواوەندە زۆربەی جاردەستی بەرزكردۆتەوە بۆ ئاسمان تا ئاستی چەناگەی، بەهۆی دەستەكانی زۆرجار دەناسرێتەوە (درویش، نضال محمود، ۲۰۱٦: ۱۱۰). لەهونەری زاگرۆسدا وێنەی سەر مۆرێكی میتانی لەنوزێ لەلای ڕاستی مۆرەكە خواوەندێك دەركەوتووە چەقۆیەكی بەدەستەوەیە لەبەرامبەر پادشا ڕایگرتووە و خواوەند لاما لەپشتیانەوە وەستاوە هەردوو دەستی بۆنزاكردن بەرزكردۆتەوە، لەكورد قەبرستان كە دەكەوێتە ۲۲كلم باشوری ڕۆژئاوای شاری هەلێرەوە كە بەگەورەترین شوێنەكانی نشینگەی چاخی برۆنزی لەناوچەكەدا دادەنرێت، لەلای ڕاستی گڵێنەكە وێنەی خواوەند لاما دەبینرێت، لەسەر گڵێنەكانی حەمرین دەبینرێت، بەڵام جیاوازییەكەیان جلێكی چین چینی لەبەردایە تاخواوەوە وقژی كورتەو كڵاویكی شاخداری لەسەردایە (سیدە، ژینۆ عبدالله، ۲۰۲٤: ۳۱).

***۳. ۷. شەمەس /ئوتو***

ئەم خواوەندە بەخواوەندی خۆر ناسراوە لەلای سۆمەری بە ئوتو، لەلای ئەكەدی بە شەمەس ناوی هاتووە، هێماكە مشارودادەستە، یاخود شێوەبازنەیی وئەستێرەی چوارلا وبازنەیەك لەسەر ستوونێك، ئەستێرەیەك كەكۆتاییەكەی سەری ڕمێكە، شیوەی بازنەیی، بازنەیی باڵدار، دوو ستونی یەكتربڕ، هەروەها هێمای ڕووەكی(شێوەی گوڵ)، هێمای ئاژەڵ بەتایبەتی شێر، ئەسپ هەڵۆ یاخود مرۆڤ تیشكی لەشانیەوە دەربچێت (درویش، نضال محمود، ۲۰۱٦: ٤١).

بە ڕووناكییەكانی هەموو شوێنێك ڕووناك دەكاتەوە، ڕۆلی هەبووە لەڕێنشاندەری گلگامێش و ئێنكیدۆ بۆ كوشتنی خومبابا (لەسووە، یۆرگن:۲۰۱۹، ل٦٦)یارمەتیدەری ئێتانا یە بۆ دۆزینەوەی داڵەكە لەناو چالەكەدا تا بەمرازی خۆی بگات (المراعی :۲۰۱۸،

ص١٤٥-١٤٦) له پەیكەرەكەی بێتواته ناوی هاتووه لەستوونی یەكەم دێری ٤٣ ناوی لەگەڵ خواوەندانی نەفرەتكردن هاتووه (Shaffer and wasserman, 2003, p23).

نەخشەكانی سەر لێوار و بنی جامە زێڕینەكەی حەسەنلو به دوو ڕیز دابەشكراون، ڕیزێك له سەرەوه و ڕیزێك له خوارەوه. هەروەها دیمەنەكان بەپێی گرنگیی خۆیان له یەك یان دوو ڕیزدا كۆدەكرێنەوه، كه تەنها به هێڵی خەیاڵی دابەشدەكرێن (سیدی و سیدی، ٢٠٢٠، ٥٧). له ڕیزی سەرەوەی جامەكەدا، سێ خوداوەند هەن، كه هەریەكەیان سواری گالیسكەیەك بوون (قره اغاچی، ١٣٩٠، ٨٣)، دوو گالیسكه به بارگیر و یەكێكیش به گا ڕادەكێشرێن. لەبەردەم خودای سێیەمدا پیاوێكی ئاینی وەستاوه، كه جامێكی بەرزی بەدەستەوەیه، لەوە دەچێت ئاو بێت، یاخود قوربانی ئەنجامبدات (دیباج، ١٣٤٦، ٢١). ئەم كەسه قژی بەرەو دواوه داهێناوه و جلێكی درێژی لەبەردایه، قژی ئەم پیاوه لەوانەی تر جیاوازتره، تەنها ئەم قژی كورته، وا دەردەكەوێت دوو بەران دەكەنه قوربانی، كه دوو پیاو له پشتیەوه دەیهێنن (پرادا، ١٣٨٧، ١٦). ڕەنگه یەكێك له سێ خوداوەندەكەی كه لەجامە زێڕینەكەی حەسەنلودان، خوداوەندی باوبۆران و هەوا بن، كه بەهۆی ڕاكێشانی گالیسكەكەیەوه دەناسرێنەوەن (خواكرم، ١٣٨٤، ١١٨). دووەمیان خوداوەندی خۆره، كه دەتوانرێت به بازنەی خۆری باڵدار یان تیشكی سەر سەری بناسرێتەوه، سێیەمیان خوداوەندی مانگە، كه كڵاوێكی قۆچداری لەسەره. (قره اغاچی، ١٣٩٠، ٨٣).

### ٣. ٨. تێشوب/ تێیشێبا:

ئەم خواوەندە لەشێوەی پیاوێكدا وێناكراوه، كه بەدەستی ڕاستی داردەستیكی بەرز كردۆتەوه و بەدەستی چەپیشی هێمای چارەسەری پێیه یاخود هەوره بروسكەی پێیه، هەم وێرانكەره هەم چارەسەر (السعدی:٢٠١٥، ص٢١٩). لەلای خورییەكان تێشوب بەخودای هەوره بروسكە ناسراوه، ڕەنگه یەكێك له سێ خوداوەندەكەی كه لەجامە زێڕینەكەی حەسەنلودان، خوداوەندی باوبۆران و هەوا بن، كه بەهۆی ڕاكێشانی گالیسكەكەیەوه دەناسرێنەوەن (خواكرم، ١٣٨٤، ١١٨). دووەمیان خوداوەندی خۆره، كه دەتوانرێت به بازنەی خۆری باڵدار یان تیشكی سەر خوداوەندی خۆره، كه دەتوانرێت به بازنەی خۆری باڵدار یان تیشكی سەر سەری بناسرێتەوه، سێیەمیان خوداوەندی مانگە، كه كڵاوێكی قۆچداری لەسەره. (قره اغاچی، ١٣٩٠، ٨٣). خوداوەندی یەكەمیش بازنه و تیشك، یان باڵەكانی، كه له سەر سەریەوه دەردەچن، به هەمان شێوه له كاركیمیش و شوێنەكانی دیكه له سەرەتای هەزارەی یەكەمی پێش زاین دەبینرێت (خواكرم، ١٣٨٤، ١١٩). ڕەنگه خوداوەندی سێیەم وەك خوداوەندی مانگ بناسرێتەوه، لەسەر بنەمای پەیوەندیی نێوان جووته قۆچەكانی گا، كه

لەسەر سەری دانراون و وەك كەوانی مانگ، هەروەها ئاماژەكردنە بە گرنگیی زریان و خۆر و مانگ لەلای ماننای و خوری و ئوراڕتییەكان(Winter, 1989, 91) .

لەبیروباوەڕی كۆنی ئاسیای بچوكدا وێنەی خودای تۆفان و باوبۆران بەسەر گالیسكەوە دووبارەبووەتەوە، بەتایبەتی لە كێوەكانی باكووری سوریا، هەروەها لەنێوان حیسییەكان و خوررییەكاندا، كە ئەم نیگارە دەگەڕێتەوە بۆ هەزارەی دووەمی پێش زاین، ئەم تابلۆیە لە پەرستگای یازیلیكایا Yazilikaya) و مالاتیا (Malatya) لەسەدەی پازدە هەتا دوازدەی پێش زاینی دەبینرێت (Winter, 1989, 91). هەروەها پەیوەندییان بەخواوەندی تۆفان و باوبۆران (ئەدەد) و تیشوبەوە هەیە (اشعری و حسین، ١٣٩٤، ٩). لەجامەكەدا وێنەی گایەكی گەورە هەیە، كە هێمایە بۆ خواوەند تێشیبا/تیشوب. (اردلان و لالە، ١٣٨٠، ٥).



وێنەی ژمارە (٣)، گایەگ كە هێمای خواوەند تێشیبایە لەسەر جامی حسنلو(پرادا، ١٣٨٧، ١٦)

### ٣. ٩. خواوەند نێرگال

ئەم خواوەندە لە شێوەی مرۆڤ دەردەكەویت لەباری وەستاندایە وداردەستێكی بەدەستەوەیە كەسەری دووشێری پێوەیە یاخود لەشێوەی چەكوشە (الشاكری:٢٠٠٢، ١٧٣) پەرستگای خواوەند نێرگال لەشاری مردووەكان بوە لە شاری كوثا كە پێیگوتراوە ئێمێسلام بەمانای مالی پالەوانی تاریك و ناسراوە بەخواوەندی دۆزەخ و ناوی لەنوسینەكانی پادشا سارگۆندا دەركەوتووە، بەوەی كە خواوەندی شاری كوثایە(ئەحمەد:٢٠٠٧، ٩٠).

بەپێی بۆچوونی مارف پەرستنی خواوەند نێرگال لەلایەن خوریەكانەوە نزیكەی هەزارو پێنج سەد سالێكی خایاندووە، پەرستگاشی لەناوچەكانی گەرمیان و ڕانیەو لەشاری

شوشـــەڕڕا (گـــردی شمشـــارە)و شـــاری ئـــورکیش لـــەخۆرئاوای کوردســـتان بـــۆ دروســـتکراوە (مارف:٢٠٢٢، ١٢٤).

ناوی خواوەند نێرگال لەسەردەقە مێخییەکانی باستکی دووجار نوسراوە، لەستونی دووەم دێڕی ٢١-٢٣ (رشید، ١٩٧٦، ٥٥). هەروەها لەسەر دیمەنی مۆرێکی لولەیی لەسەردەمی کاشییەکان دەرکەوتووە لەشێوەی مرۆڤ کە جلێکی درێژی لەبەردایە، کەسێکی لەناوچەی شاخاویدا بەزاندووە، ئەو کەسەی لە ژێر پێیەکانیتی لێی دەپارێتەوە نەیکوژێت، لەشاری کوثا لە ستونی سێیەم ناوی هاتووە لەدێڕی ١٥-١٨(رشید :١٩٧٦، ٥٥).

**٣. ١٠. ئێنلیل**

خواوەندی هەوا بووە، بنکەی پەرستنی لەنیپور بووە، ئەرکی باخ و باخات دەگرێتەئەستۆ لەپێناو خۆشگوزەرانی مرۆڤدا و پشکی لەبەردەوامی ژیان هەیە، ڕۆڵی لەدابینکردنی بژێوی مرۆڤ هەیە، لەهەمان کاندا بڕیاری لەناوبردنی مرۆڤی دا لەڕێگەی لافاو (دەباغ، تەقی:٢٠٠١، ٢٧). خواوەند ئێنلیل ڕۆڵی هەبوە لە داستانی تۆفان و لە هەردوو دەقی بێتواتە و باستکی ناوی هاتووە لە دەقی باستکی ستونی دووەم دێڕی ٤-٥ و لەسەر نووسینەکەی سەر بەردەکەی بێتواتە ناوی هاتووە بۆ نەفرەتکردن لەو کەسەی، کە ئەم نوسینە دەشێوێنێت، لەستونی یەکەم دێڕی ٣٧ (رشید، ١٩٧٦، ٥٥). بەهۆی کوشتنی خومبابە بڕیاردەدات تۆڵە لە گلگامێش بکاتەوە بەکوشتنی هاوڕێکەی (لەسووە، یۆرگن، ٢٠١٩، ٦٧).

**٣. ١١. خواوەند مەردوك/بێل:**

خواوەندی سەرەکیی شاری بابلە، کوڕی خواوەند (ئینکی /ئەیا) یە لە دەوروبەری ٢٦٠٠ پ.ز لەتۆمارەکاندا ناوی دەرکەوتووە (SAA,vol.3:p193)، لەنوسینەکانی سەرخشتە ڕووپۆشکراوەکان لەڕەبەت تەپە لەلای سەردەشت ناوی خواوەند مەردوك هاتووە (Kargar & Binandeh; 2009p129).

خواوەند خالدی/خواوەندی نەتەوەیی ئورارتوە هاوشێوەی هەردوو خواوەند مەردۆخ و ئاشور دانراوە، پەرستگای سەرەکی ئەم خواوەندە لەشاری ئاردینییە(Zimansky.P.E: 1985,p7). نووسراوەکەی ئیشپوئینی لە تارغێ لە بۆکان (تەرەغە) نووسراوەکە بە ناوی خودای خالدی دەستپێدەکات، پەیوەندیی بە پادشای ئورارتو و ئیشپوئینی و کوڕەکەیەوە هەیە. دەگەڕێتەوە بۆ سالی (٨٦٠ بۆ ٨٢٠ پ.ز.)، واتە سەدەی نۆی پێش زاین(حسن زادە، ١٣٨٦، ١٢٩-١٣٠). لێرەدا ئەوە دەردەکەوێت، کە ناوی خودای خالدی هاتووە.

لەنووسـراوەکەی ئیشـپوئینی و مینـوا لـە قەڵاتگـە (نەغەدە)ئەم نووسـینە هیـی ئیشپوئینی سێیەم و مینـوای چوارەمی پادشـای ئـوراڕتی، دەقـی نووسـراوەکە، کـە لەدەوروبەری سـاڵی (٨١٠ پ.ز.) نووسـراوە "بەهێـزو دەسـەڵاتی خـودای خالـدی، بەهێـز و دەسـەڵاتی خـودای تێیشـیبا، پادشـای، پادشـای بیایی گەورەی شـاری توشـپا، ئیشـپوئینی، کـوڕی سـاردور و مینـوا، نەوەکەی ئیشـپوئینی لەکـاتی جـوڵەدا، بەرەو خـاکی سـاپای داگیریـانکرد و پاشـاکەیان گرت. هەروەها بۆ خوای خلدی بۆ خوداوەندی تێیشیبا پەرستگایان دروستکرد. شاری ڕاکێ بە ئەوە ناسـرا، شـارێکیان بـۆ خـودای خالـدی جیـاکردەوە، کە بە ئەویشـەوە ناسـرابوو، درەختەکانی سەر زەوی ساپایان برد بۆ خوای تێیشیبا".لێرەدا دووبارە ناوی خودای خالدی و تی شابانی هـاتووە (Vanloon, 1966, 201-207) و هاوشـێوەی دەقە ئـارامییەکەی قەڵایچـی، دووبـارە ناوی خواوەند خالدی و تێیشیبا (حەدەد) هاتووە.

پەرسـتگای گەورەی خواوەنـد خالـدی گەورەتـرین پەرسـتگەی ئەو خواوەنـدە بـووە، شـاری ئـاردینی -موصاصـیر پـایتەختی ئـاینی ئوراڕتییەکـان بـووە، قیبلەگـای مانناییەکـان و زاگرۆسـییەکانیش بـووە، بـۆ زانیـاری زیـاتی دەربـارەی ئەم پەرسـتگایە بەشـوێنەوارەکەیەوە، دەڕوانرێتە(Marf, 2014, 13-40) .

مـیلە بەردەنووسـی ئیشـپۆئیننی و مینـوا لەکێلەشـین نـاوی هـاتووە (نوجـەدهي، ١٣٨٩، ٤٧-٧٢).

میلە نووسراوەکەی پادشا مینوا لە عەین ڕۆم لەنزیـك شنۆناوی هـاتووە نووسـراوەکە مینـوا لەنـاوچەی عەیـن ڕۆم (ئەژدیهـای بۆلاغی)، جـادەی شنۆیە، ئەم نـاوچەیە کە بە ئەژدیهـای بـۆلاغی و تاشـە بـۆلاغی و چێشـمە مێنـوا ناسـراوە، بە دووریـی (٥٤کـم) لە باشـووری ورمـێ و تەنیشـت ڕێگـای ورمـێ - شـنۆیە (گنـدویلا، ١٣٩٢، ٦٩). نووسـینە میخییەکـان، باسـی دروستکردنی کارێزی ئاو بە دەستی پادشای بەهێزی ئوراڕتو واتە مینوا دەکات.

**دەقی نووسراوەکە بەم شێوەیەیە:**

"*بەهێـزو دەسـەڵاتی خـودا خالـدی مینـوا، کـوڕی ئیشـپوئیننی، پاشـای گـەورە، پاشـای بەهێـــز، گەورەی شـــاری توشـــپا. مینـــوا ئەم تارمـــانیلی [نـــافورە یـــان کانیـــاوە]ی دروستکردووە*"(گندویلا، ١٣٩٢، ٧٦).

مـیلە بەردە نووسـراوەکەی ڕوسـای یەکەم لە مێـرگە کـاروان لەشـنۆ نـاوی خالـدی هـاتووە، نووسـراوەکە بە هەردوو زمـانی ئـوراڕتی و ئەکەدی شـێوەزاری ئاشـوری نووسـراوە. لە بەشـی پێشـەوە و چەپ، بە ئاشـووری و لە لای ڕاسـت و دواوە، بە زمـانی ئـوراڕتی نووسـراوە، بەردەنووسـەکە هەمـان شـێوەی بەردەنووسـی تـۆپزاوای برادۆستە(پیوتروفسـکي، حمیـد، ١٣٨٣، ٣٧٨).

**٣ .١٢. خواوەند نابوو:**

خواوەنـدی نـابوو بەخواوەنـدێکی ئەکـەدی ناسـراوە لـەزمانی ئەکـەدی بـەمانای پرشنگدار دێت یان پێشبینیکاردیت، کورە گەورەی خواوەند مەردۆك وخواوەند صەرپانیتوم بووە، یەکێك لە هێماکانی پێنووس بوە(الشاکری، ٢٠٠٢،١٥٦) خواوەند نابوو لەسەر نەخشی چیای سارگۆنی دووەم لەفایدە -نزیك دهۆك دەرکەوتووە لە یاسین تەپە گۆری کچێك دۆزراوەتەوە ملوانکەیەکی لەبرۆنز لە ملدایە کە مارف وەرگێراوەتە سەرزمانی کوردی

بۆ خواوەند نابوو، خواوەندی گەورە، خواوەندی ئەو ئیلو-ئیدینا کوری گوڕڕی، کورەکەی خستە خزمەتی ئەوەوە (مارف،٢٠٢٢:لا١٤٣).

**٤. ئاژەڵی تیکەڵ**

**٤. ١. ئانزو/ئینزۆ**

ئانزو (ایمدوگود) یەکێکی ترە لە بوونەوەرێکی ئەفسانەیی، کە شەڕی نینورتا دەکات. ئانزو هێمای بای باشوور، هەوری زریانە لە پەرستگای نین خۆرساگ لە ئوبەیدەوە، فیگەرێکی ئانزو، کە دوو کۆتری ڕاوکردووە، نیوەی سەرەوەی جەستەی ئانزو لە شێرە و نیوەی خوارەوەی پەپوولەیە، بۆیە دەتوانرێت بە شێر، یان ئەژدیها هەژماربکرێت، یاخود لەش ولاری ڕێکەو سەری شێرە لاشەی هەڵۆیە، لەلای گەلانی میزۆپۆتامیا هێمای هەورێکی باراناوی هەیە کە چواندویانە بە باڵندە (درويش، نضال محمود، ٢٠١٦، ٢٢٣).

لەنەخشێکی تری قەڵایچیدا، جەستەی شێرێکی باڵدار هەیە، کە سەری ژنێکە. لەم وێنەیەدا جەستەیەکی شێرێکی مێ بە کلکێکی درێژ و سەرێکی مرۆڤەوە یەکخراوە، باڵە درێژەکانی بە ڕێکوپێکی نیشاندراون. سەری بەبەرزی ڕاگرتووە، چاو و برۆی گەورەیە، قژی وەک وێنەکانی تر بۆ پشتەوە براوە (حسن زادە، ١٣٦٠، ١١٧).

باڵندەی ئانزو لەسەر لوتکەی شاخی شارشار لەدایکبوە، لەوانەیە ئەم شاخە یەکێك بێت لەچیاکانی زاگرۆس مارف بە شاخی سەرسردی ناوی دەبات لەلای چەمی ڕێزان (Marf,2016:p88)لەدوایی لەدایکبونی ئانزو خواوەند ئێنکی ئامۆژگاری خواوەند ئێنلیل دەکات سود لەتوان زۆرەکانی ئەم باڵندەیە وەربگرێت بۆ خزمەتکردنی پەرستگاکەی، ئەویش بە گوێی دەکات دەیبات دەیکاتە پاسەوانی پەرستگا لەسومەر، کە گەورە دەبیت بۆ دەرفەتێ دەگەڕێت تا تۆماری قەدەر بەدەست بهێنیت وشکۆودەسەڵات بەسەر هەموو خواوەندەکاندا بسەپێنیت، لەدەرفەتێکدا دەبینیت خواوەند بەئاوی پیرۆز خۆی دەشوات هەموو نیشانەکانی دەسەڵاتداری لە خۆی کردۆتەوە. دەرکەوتنی ئانزو لەهونەری زاگرۆس لەسەر پارچە برۆنزێکی لوڕستان دۆزراوەتەوە لەگەڵ شوێنەواری مارلیک ( Negahban, 1996, fig.3.11.) و (Godard, 1931, p1. Xxiii, 68).



وێنەی ژمارە (٤)، ژنێك لەسەر پشتی باڵندەیەک  لەسەرجامی حەسەنلو(پرادا، ١٣٨٧، ١٦)



وێنەی ژمارە (٥)، پێشکەشکردنی منداڵ لەسەرجامی حەسەنلو (نقشینە، ١٣٤٥، ٧٢)

## ٤ .٢. بزنی باڵدار

وێنەی بزنێکی باڵدارە لەسەر خشتەکانی جۆری تەواوەوە دەبینرێت. لەسەر ئەم وێنەیە بزنێک لەسەر چوار سم وەستاوە و وردەکاریی ئەندامەکانی لەناوچەی ڕان، کلکی پشتی کورت، مل، دەم و چاو، گوێ وریش درێژەکەی ژێر چەناگە و قۆچەکەی پشتی درێژ تێکەڵەیەکی جوانن. بە ڕووپۆشکراوی شوشەی ڕەنگی شین و فەیروزی و زەرد نەخشێندراوە (حسن زادە و پیران، ١٣٩٦، ٩٧).

## ٤. ٣. پیاوی باڵدار

ئەم پیاوە لە ئەفسانەکاندا دەردەکەون کە باڵیان هەیە لەسەردیمەنی کۆشکەکانی ئاشورو دیوارەکان دەردەکەون، پیاوی باڵدارلەتەپە ڕەبەتە لەسەر خشتێکی پان لە جۆری تەواو کێشراوە. مرۆڤێکی باڵدارە بە سمێڵێکی درێژ و قژێکی لوولەوە (لە پشتی ملەوە کۆکراوەتەوە. پەڕۆیەکی بەسەریەوە ئاڵاندووە هەتا پشتی گوێی. چاوی گەورە و لووتی باریکە، باڵەکانی لەسەر پشتی کراونەتەوە. قاچی ڕاستی کێشراوە و ئەژنۆی چەپی لەسەر زەوییە. دەستەکانی لە پێشەوە دانراون، دەستی چەپی سێ لقێکی بەدەستەوەیە، کە لە

کۆتـایی هەر لقێکـدا سـێ گـوڵ یـان میـوەی هەنـاری تێـدایە. لە دەسـتی ڕاسـتیدا شـتێک دەبینرێـت، پێـدەچێت قەڵەم یـان فلـچە بێـت، لەهەردوو مەچەکیـدا شـێوە گوڵێـك هەیە. عەبایەکی درێـژ تا ئەژنـۆی ڕاسـت و پـاژنەی چەپـی داپۆشـیوە، شـریتێکی ڕازانـدنەوەی فراوانـی هەیە (حسـن زاده و پیـران، ١٣٩٦، ١١١)، هاوشـێوەی تیـل بەرسـیبTil Barsib، کە پادشـا هەنـاری بەدەستەوەیە (Marf, 2023, 245-246).

## ٤. ٤. خانمە باڵدارەکە

لەم وێنەیەدا خانمێک بە شێوازی پیاوی باڵـدارە، بەڵام ئەم لەسـەر ئەژنـۆ دانیشـتووە، لە هەندێک بەشدا جیاوازیی لەگەڵ پیاوە باڵدارەکەدا هەیە. مرۆڤێکـی مێینـە بەبێ ڕیش کراوە، قژەکە لە پشتی سەردا دەهێڵرێتەوە و ئەو سەرپۆشەی کە لە پێشەوە دەڕوات بۆ پشتی سەر، بە گـرێیەک بەسـتراوەتەوە لە شێوەی گوڵێک لە پشـتی سـەریدا کۆتاییـدێت. دەسـتی چەپی ئەم خانمە ڕووەکی پێدا هەڵواسراوە، دەشێت هەنار بێت. بـازنەیەکی گەورەی بەدەسـتی ڕاســتیەوەیەتی، کە دەکرێــت ئــاوێنە بێــت. هاوشــێوەی وێــنەی تیــل بارســیب هەنــاری بەدەستەوەیە.(Marf, 2023, 245-246).

ئەوەی قەڵایچـی دووهەنـارە بەڵام ئەوەی دیـوای کۆشـکی تەل بەرسیب سێ هەنـارن، هەردووکیـان جلـی درێژیـان لەبەردایـە، بەڵام ئەوەی قەڵایچـی شـانی ڕاسـتی ڕووتە، هەردوکیـان باڵیـان پێـوەیە، باڵێکیـان بەرزکـردووەتەوە، باڵێکـان نزمکـردووەتەوە، هەردووکیـان سـەریان دەچەمێنـــنەوە. لە تیـــل بەرســـیب تـــاجی گـــوڵی ڕاســـتەقینە، لەســـەردەکات. هەردووکیـــان ملوانکەیان لەملدایە. هەندێک جیاوازییش هەن؛ لە قەڵایچی ئاوێنەیەکی بە دەسـتی ڕاسـتی گـرتووە، لە تیـل بەرسـیبیش گـوڵی نیلـوفەری بەدەسـتەوەیە، بە ڕەنگـی جیـاواز بۆیـاخکراون، ئاوێنەکان لە زۆر نەخشەو وێنەدا دەبینرێن، مارف پێیوایە ئەمە هاوشێوەی ئاوێنەکەی دایکی ئەسـەرحەدونە، هـەروەها لای هـونەری کـارکیمیش، خوداژنەکـانی پاشـایەتی، ژنـانی چینـی سـەرەوەن، کە ئاوێنەیـان بەدەسـتەوەیە. لەزاگرۆسـەوە، لە تەنیشـت ئەم نمـوونەیەی قەڵایچـی، قاپی زێڕینی بەناوبانگی حەسەنلو، خوداژنێک نیشاندەدات، کە لەسـەر شـێرێک دانیشـتووە و ئاوێنەیەکی بەدەستەوەیە.(Marf, 2016,214-15).

## ٤. ٥. بوونەوەری شێرپیاو

ئەم بوونەوەرانە جەستەیان شێرەو سـەریان مرۆڤـە لەهونـەری ئاشـوریدا دەردەکـەون، لـە تەپە ڕەبەتە ئەم نەخشەیە لەسەر خشتەکان بەشێوەی نیوە شێر و نیوە مرۆڤ کێشراوە. بەشـی خـوارەوەی جەسـتەی شـێرە لەسـەر دوو قـاچ، کلکـی بەرزدەبێـتەوە و هەڵـگەڕاوەتەوە بـۆ سـەر پشتی. لە نیوەی لەشیەوە بەرەو سەرەوە گۆڕاوە بۆ مرۆڤ. قژی درێژی هاوشـێوەی ئەوانـی تـر لە پشتی مل کۆدەبێتەوە. گۆزەیەك بەدەستی ڕاستیەوە دەبینرێت، دەستی چەپی تەنها مەچەکی

دیارە، بەڵام وا دەردەکەوێت لەسەر باڵەکانی گۆزە هەبێت، ئاو دەڕێژێتەناو گۆزەی دەستیەوە، کە لە هەردوو لاوە لە شێوەی سێگۆشەیەک نیشاندراوە، باڵی گەورە و درێژی هەیە. پەنجە، ماسولکە، کلک و باڵەکانی بە وردی لە وێنەکەدا کێشراون. بەشووشەی ڕەنگی زەرد، سپی و شین ڕووپۆشکراوە. ئاو لە قەراغی باڵیەوە دەڕژێت، ئەمەش هونەری ناوخۆیی ماننا بوون و لەوەوپێشیش لە وڵاتی ئاشور لە هەزارەی دووەمدا هەبوون (حسن زادە و پیران، ١٣٩٦، ١١٢).

### ٤. ٦. گای باڵدار و سەری مرۆڤ، نێر و مێ

ئەم بوونەوەرە ئەفسانەییە لەوڵاتی نێوان دوو ڕووباردا نیشانەی دوو هێزی ئاسمانی بووە: جۆری مێینە لە خوداوەندی لاما(Lama) ی سومەری یان لاماسسو(Lamassu) ی ئەکەدی وەرگیراوە، فۆرمەکانی نێرینەی خوداوەند شێدو (Šedu) ی سومەری یان ئەلاد (ئەندی)، لاماسو، کە هەردووکیان خوداوەندی پارێزەر و خەمخۆرن(Black & Green, 2003,112).

ئەم پەیکەرانە وەک پارێزەری مەزارگە و کۆشکەکان دەبینرێن. نموونەی زۆر بەنرخیان لە خورساباد و نەمرود دۆزراونەتەوە. لەسەر عاجەکانی ئاشوری نوێ دوو جۆر ئاژەڵی دەبینرێن:

١. جۆرێکیان تاجیان لەسەرە و پەرۆیەک لە سەریانەوە هەتا ئەژنۆیان هاتووە.

٢. جۆرێکیان بە ڕوخساری مێینە، کە جەستەیان لە لاوە و دەموچاویان لە پێشەوە نەخشێنراوە. گا لەهونەری ئورارتیدا بەگشتی شاخێکی بەرز و تیژیان هەیە و لەسەروو گوێیانەوە وەکو خەنجەریک بەرەو سەرەوە درێژبووەتەوە، مووی سەر و گەردنیان بەهێڵ هێڵ وەکو شەپۆل دەرکەوتوون، هەروەها وەکو شێرەکان بە بەهێزی دەرکەوتوون و لەچەند ڕەوشێکی جیاوازدا دەبینرێن. ڕۆیشتنی لەسەرخۆ، فڕین، ڕاکردن، دانیشتن لەسەر چۆك، لەکاتی شەڕدا) وێنەکان قۆناغ بە قۆناغ سادەتر بوونەتەوە و هێڵە شەپۆلییەکانی سەر و گەردنیان بەرەو هێڵی سادە ڕۆیشتوون. ئەم خشتە ئاژەڵێک نیشاندەدات، کە قاچ و باڵەکانی دواوە بە بەراورد بەوانی تر، زیاتر بە شێوەیەکی ئەندازەیی کێشراون. ئاژەڵەکە سمدارە، باڵەکانی بچوکترن. سەری مرۆڤ و ریشێکی درێژی هەیە، قژی لە پشتی ملی کۆکراوەتەوە. تاجی قۆچدار، نیشانەی خودایيە لە نەخشەکانی ئاشوریدا. هەروەها لەسەر ڕووی دوو خشتی تر هەمان جۆری وێنە هەیە، گایەکی باڵدار بە سەرو کڵاوی مرۆڤ و قۆچەوە(حسن زادەو پیران، ١٣٩٦، ١٢٥).

## ئەنجام

١. بەڵــگەی بــوونی دیمەنــی شــەڕکردنی گلگــامێش و ئێنکیــدۆ لەگەڵ خومبابــا لەناوچەکــانی زاگــرۆس ســەلمێنراوە، دیــمەنە ســەرەکییەکانی داســتانەکە لەهــونەردا وێناکراون.

٢. ئاڕاستەی داستانەکە بەرەو ناوچەی زاگرۆس و چیاکانی زاگرۆس بووە، نەک ڕوباری دیجلە و فورات.

٣. داستانی ئێتانا لە ناوچەی زاگرۆس ناسراوە و بە بەڵگەی بوونی ئەو دیمەنانەی کە لەسەر جامی حەسەنلون. لەو داستانەدا دەردەکەوێت بەرەو ئاسمان نەفڕیوە، بەڵکو بۆ لوتکەی چیاکان ڕۆیشتووە.

٤. دانیشــتوانی زاگــرۆس باوەڕیــان بە هەبــوونی هێــزە شــەڕەنگێزەکان هەبــووە، بــۆیە مووروویان بەکارهێناوە بۆ پاراستنی منداڵەکانیان.

## سەرچاوەکان

### ١. بە زمانی کوردی


- ئەحمەد، کۆزاد محمد(٢٠٠٧)، *کوردستانی ناوەڕاست لەنیوەی یەکەمی هەزارەی دووەمی پ.زدا*،بنکەی ژین،سلێمانی .

- ئەمین، زیاج محەمەد(٢٠١٠)، *مەرِوانە هەرِەشەی دێوان بروانە جەوهەری پیاوان دەئەفسانەی تایبەت بەدێو لەناوچەی پشدەردا*،چاپخانەی شڤان، ئنستیتۆتی کەلەپوری کورد.

- حاجی زەڵمی،ئیبراهیم(٢٠١٤)، *دێوە چەرمەو دێوەسیاوە ڕازێ وەرو ئاویرگێ هەورامانی(ڕازە ئەفسانەیێ)*، چاپخانەی ئنستیتۆتی کەلەپوری کورد.

- دەباغ،تــەقێ(٢٠٠١)، *بیــری ئــایینی کــۆن لــە میزۆپۆتامیــادا*، وەرگێرانــی یاســین عومــەر،چاپ١ وسلێمانی،دەزگای سەردەم.

- سیدە، ژینۆعبدالله(٢٠٣٤)، *ژن لەهونەری کۆنی کوردستان(٣٥٠٠-٥٥٠پ.ز)*، نامەی بلاونەکراوەی ماستەر ،بەسەرپەرشــتی رافیــدە عبداللــە عبدالصــمد، پێشکەشــە بــە کــۆلێژی زانســتە مرۆڤایــەتی وەك پێداویستیەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە شوینەواری کۆندا.

- عەبدول، مەحمود(١٩٨٨)، *ئەفسانەو چیرۆکی کوردی*،هەولێر،چایخانەی کوردستان.

- غەفور، عبدالله(٢٠٠٥)، *جوگرافیای کوردستان*، چاپی چوارەم.

- لەسووە، یۆرگن (٢٠١٩/١٣٩٨)، *مێژووی وێژەی دوواوان (میزۆپۆتامیا)*، وەرگێرانی،ڕەند زارعی،سندج،مادیار .

- مــارف، دڵشــادعەزیز(٢٠٢٢)، *ناوچــەی خۆشــناوەتی ودەوروبــەری لەنوســینی مێخیــەکانــدا(٢٤٠٠-٥٤٨پ.ز) ڕەســەنایەتیمان ڕەگــی ناســنامەی بوونمانــە*، ئامــادەکردنی: هەڵمــەت بایز،پرۆســیدینگی ســێیەمین

کۆنفراسی نیودەولەتی سەنتەری هەندرین بۆزمان وتوێژینەوەی کەلتور/زانکۆی سۆران،یەکەمین کۆنفۆانسی نیودەولەتی ئینستیتوتی کەلەپوری خۆشناوەتی ژمارە٥.

- مارف، دڵشاد عزیز(٢٠٢٣)، *مێژووی شارستانیەتی دێرینی شاروهەرێمی نازوخینوم(نازوخینوم)ی ناوچەکانی ئاغجەلەر -چەمچەماڵ -شوان لەدەقە مێخێیەکاندا،شوینەواروکەلەپوور میرات و ناسنامەی گەلەکەمانن،* ئامادەکردنی: زاموا، دڵشاد عزیز، سدیق و شاخەوان،سوینەواروکەلەپووروميرات وناسنامەی گەلەکەمانن،تویژینەوەکانی یەکەم دیداری زانستی مامۆستا عەبدولرەقیب یوسف: ١٧٩-٢٠٤.

- هەورامی، عەلی(١٩٨٤)، *مێژووی کوردستان و ئەفسانەکان*، چاپ سنە،چاپخانەی ژینگە.

- هەرشەمی، شاسوار(٢٠١٧)، *ئاورێك لە زمانی سومێری*، چاپ جەمال عیرفان.

**٢. بە زمانی عەرەبی**

- ابراهيم، هالة كريم(٢٠١٤)، *المواضيع الدينية في الأختام الأسطوانية من عصر الوركاء إلى نهاية العصر السومري الحديث*، رسالة ماجستير جامعة بغداد، كلية الأداب، قسم الأثار القديمة.

- الأسود، حكمت بشير(٢٠١١)، *الثور المجنح لاماسو رمز العظمة الأشورية*، من منشورات،المركز الثقافي الآشوري – دهوك، الطبعة الاولى.

- السعدى، حسين علاوى عبد الحسين(٢٠١٥)، *وظائف الالهة فى بلاد الرافدين*، اطروحة دكتوراه غير منشورة، جامعة بغداد/كلية الاداب.

- باقر،طه(١٩٧٦)، *مقدمة فى ادب العراق القديم*، دار الحرية للطباعة ،جامعة بغداد.

- باقر، طه (٢٠٠٦)، *ملحمة كلكامش اوديسة العراق الخالدة*، دار الورق للنشر.

- البياتى، امنه فاضل(٢٠٠١)، *الروح الحامية (اللاماسوو)فى ضوء النصوص المسمارية والشواهد الاثرية*، رسالة ماجستر فى الاثار القديمة ،غير منشورة ،جامعة بغداد ،كلية الاداب ،قسم الاثار.

- جرك،اوسام بحر(٢٠٠٤)، *تأثير فنون بالد الرافدين على الفنون الحثية*، اطروحة دكتوراه منشورة جامعة،بغداد، كلية الداب، قسم االثارالقديمة، بغداد.

- حسن،محمد خليفه(١٩٩٧)، *الاسطورة والتاريخ فى التراث الشرقى القديم دراسة فى ملحمة جلجامش*، الناشر الدراسات والبحوث الانسانية والاجتماعية ،دار روتابرينت للطباعة.

- حسين،مازن محمد(٢٠٢٢)، *رمز الطيرفى اساطير حضارة بلاد الرافدين*، مجلة اللاثار والتاريخ واللغات القديمة،العدد٤/تموز-كانون الاول.

- درويش نضال محمود(٢٠١٥)، *تماثيل والواح العصر الحجري الحديث ماقبل الفخار (نيوليت)فى بلاد الرافيدين العليا (١٠٢٠٠-٨٠٠٠ق.م)*، بنكەی ژین ژمارە٧،ساڵی حەوتەم، سليمانی.

- درويش، نضال محمود(٢٠١٦)، *الالهة والكائنات الاسطورية المركبة فى سورية وغرب بلاد الرافدين فى الالف الثالث قبل الميلاد*، ط١، دار الزمان ٢٠١٦.

- رشيد،عبد الجبار رشيد(٢٠١٩)، *الحوريون من العصر البروترى الى العصر الحديدى*، دار شلير للطباعة والنشر

- رشيد،عبد الوهاب حميد(٢٠٠٤)، *حضارة وادي الرافدين ميزوبوتاميا، العقيدة الدينية، الحياة الأجتماعية، الأفكار الفلسفية* دمشق .

- علي، فيحاء مولود(٢٠١١)، *الأشكال الأسطورية ألمركبة على الألواح ألفخارية في بلاد الرافدين*، مجلة سومر،ج ١ ، ٢، مج ٥٦، بغداد، ص ٢٢٥.

- كونتينو، جورج(١٩٨٦)، *الحياة اليومية في بابل وآشور*، تر : سليم التكريتي، بغداد.

- مهدي، حميد نفل(١٩٩٤)، *الجوانب الابداعية للكائنات المركبة في النحت العراقي القديم*، رسالة ماجستيرغير منشورة جامعة بغداد، كلية فنون جميلة، قسم الفنون التشكيلية النحت ١٩بغداد.

- الناضوري، رشيد(١٩٦٩)، *المدخل في التحليل الموضوعي المقارن للتاريخ الحضاري والسياسي في جنوب غرب آسيا وشمال أفريقيا، الكتاب الأول مرحلة التكوين واالتشكيل الحضاري والسياسي من العصر الحجري الحديث حتى نهاية الألف الثالث ق.م*،بيروت.

- وينهايم، ليو(١٩٨١)، *بلاد ما بين النهرين*، تر : سعدي فيض عبد الرزاق، ط١،بغداد.

- يوحنا، مجيد كوركيس(٢٠١٦)، *"الاشكال المركبة في حضارة بلاد الرافدين"*، مجلة الاداب، العدد ١١٥،بغداد، صص٦٤٢، ٦٤.

**٣. به زمانی فارسی**

- اردلان و بختیار؛ نادر لاله (١٣٨٠)، حس وحدت، تهران: نشرخاك.

- اشعری، سمیر، نژاد، زهرا حسین (١٣٩٤)، رویکرد نشانهشناسی بر نقوش نمادین و اسطورهای بکار رفته در جام حسنلو، نشریه دانش هنرهای تجسمی دوره ٣ شماره١صص ١-١٩.

- بلك،رجرمی وگرین، انتونی(١٣٨٣)، فرهنگنامه خدایان،دیوان ونمادهای بین النهرین باستان مصور، ترجمه پیمان متین، موسسه انتشارات امیر کبیر،تهران.

- پرادا، ادیت (١٣٨٧)، جام حسنلو، ترجمه علی صدرایی و صمد علیون، مجموعه مقا ت جام زرین حسنلو، تهران، گنجینه هنر٣.

- پیوتروفسکی، بوریس (١٣٨٣)، تمدن اورارتو، ترجمه حمید خطیب شهیدی، موسسه فرهنگی وهنری نقش ونگاه، تهران.

- حسن زاده، یوسف (١٣٨٦)، «سنگنبشته نویافتة اورارتویی در بوکان به یغما رفت»، دوفصلنامة باستان پژوهي، دورة جديد، ش ٤)، ص١٣٠-١٢٩.

- خواكرم، نسرین (١٣٨٤)، جام زرین حسنلو، ترجمه سیده زهرا زارعی و علی بحرانی پور، ماهنامه خبری علمی و فرهنگی گزارش و گفتگو سال چهارم فروردین و اردیبهشت ١٣٨٤ شماره ١٦.

- دیبا، پوران (١٣٥٧)، جام زرین حسنلو. ت: انوشیروان وکیلی. نشریه بررسیهای تاریخی. شماره ٧٨ . مهر وآبان.

- سیدی،چنور، وسیدی فاطمه (۲۰۲۰)، تحلیل ریختهای اسطورهای در نگارهٔ جام زرین حسنلو )عصر آهن( بر اساس رویکرد منظومه شبانه و روزانه ژیلبر دوران، حلیل ریختهای اسطورهای در نگارهٔ جام زرین حسنلو )عصر آهن( بر اساس رویکرد منظومه شبانه و روزانه ژیلبر دوران دوره نهم، شماره۲۱،پائیز۹صص ۵۳-۶۳.
- طلایي، حسن. (۱۳۹٤)، عصر مفرغ ایران. تهران.
- قره اغاچی، محمد رضا نجفی(۱۳۹۰)، جستیار در نقوش هنری جام طلایي حسنلو و پیشینه نقوش ان، دوفصلنامه علمی،پژوهشی هنرهای تجسمی نقش مایه سال چهارم شماره هفتم بهاروتابستان ۱۳۹۰صص ۸۱-۸۸.
- کامبخش فرد، سیف اهلل. (۱۳۸۰)، آثار تاریخی ایران. موسسه انتشارات تعاون سازمان میراث فرهنگی کشور پژوهشگاه، تهران.
- نقشینه، امیر (۱۳۹٦)، تپه باستانی حسنلو، دفتر پژوهشهای فرهنگی، چاپ اول.
- نوجهدهی، رضا (۱۳۸۹)، «کتیبههای پادشاهان اورارتویي در ایران»، فصلنامه پازند، سال ششم شماره ۲۰ (پیاپی ۲۱، بهار و تابستان ۱۳۸۹).

## ٤. به زمانی ئینگلیزی

- Ahmed, k, M (2012), the beginning of ancienet Kurdistan (2500-1500 B.C) ،Ahistorical and cultyral synthesis.ph. D. dissertation. leiden university,2012.
- Balatti silvain (2016), The Assyrian GIŠ.me/iḫru, NABU 2016/1 note 24.
- Black ،Jeremy and Green, Anthony (1992), Gods, Demons and Symbols of Ancient Mesopotamia an Illustrated Dictionary, First published 1992 Second edition 1998 Reprinted 2003, 2004 British Library Cataloguing in Pubiication Data.
- Dalley, Stephanie (1989), Myths from Mesopotamia: Creation, the Flood, Gilgamesh, and Others, Oxford, England: Oxford University Press.
- Dalley, Stephanic, ed, (2000), Myths from Mesopotamia: Creation, the Flood, Gilgamesh, and Others (Oxford World's Classics).
- Danui, Michael, D; (2013), Hasanlu V: the late bronze and Iron I periods, uni. of Pennsylvania museum Etana Epic, STATE ARCHIVES OF ASSYRIA CUNEIFORM TEXTS.
- Frankfort, H, (1939), Cylinder seal, LONDON.
- Geogre, A.R. (2003), The Babyion Gilgamesh Epic, introduction, Critical Edition and cuneiffrom texts, vol.1, Oxford university Press.
- Geogre, A.R, (2007), The Epic of Gilgamesh: Thoughts on genre and meaning, By A. R. George (SOAS, University of London)..
- Godard, Andre, (1931), Ars Asiatic les bronzes du luristan paris jes editions G. Van Oest.
- Jacobsen, Thorkild, (1939), The Sumerian King List, Oriental Institute of the University of Chicago, 87.

- Kargar, B., Binandeh, A. (2009) ، A Preliminary Report of Excavations at Rabat Tepe, Northwestern Iran, Iranica Antiqua XLIV: 113-129.
- Lambert, w, G (2010), Gilgamesh in literature and art the second and first millennia, in (edt), gilgamesch, Ikonographie eines Helden, Zurich open repositoty and archive university of Zurich mani library strickhofsyr asse 39.
- Livingstone, A., (1989), Court Poetry and Literary Miscellanea, State Archives of Assyria III. Helsinki
- Marf, DLshad A. (2016), Cultural Interaction between Assyria and the Northern Zagros, Leiden University.
- Marf, DLshad A, (2023), Cultural Interaction between Assyria and the Zagros.AOAT455, UGARIT=VERLAG, GERMANY.
- Matthews, d, (1997), Seals and sealing (the Mitanni seals from tell brak) Excavation at tell brak (the Mitanni and old babylonin periods), ed, oates. D, O joan and m. helen, university of Cambridge, vol.
- MITCHELL, STEPHEN, (2004), GILGAMESH, ATRIA BOOKS, New York London Toronto Sydney New Dehli,

Novotny, Jamie R, (2001), The Standard Babylonian.

- Pliny, John Bostock and H.T. iley, (1892), The Natural History of Pliny the elder, book 12, chapter.39(nat.12.39).
- pritchard, g.b., (1969), ancient near eastern texts relating to the Old Testament. princeton university preses.
- Shaffer and wasserman, (2003), Iddi(n)-Sîn, King of Simurrum: A New Rock-Relief Inscription and a Reverential Sea, From the journal Zeitschrift für Assyriologie und Vorderasiatische Archäologie.

Sharif, Azad Hamad and Mohammad, Birzo Abdulkadir and Saeed, Ismail Mohammed fahmi (2019), Nature's Retaliation in the Sumerian Epic Gilgamesh: An Ecocritical Study, Available online at http://jgu.garmian.edu.krd Journal of University of Garmian, 2001.

Van Loon. M. N. (1966) ،Urartian art: its distinctive traits in the light of new excavations, Leiden. VOLUME II, THE NEO-ASSYRIAN TEXT CORPUS PROJECT.

- Winter, Irene J., (1989), Localización: Expedition: The magazine of the University of Pennsylvania, ISSN 0014-4738, Vol. 31, Nº. 2-3 (SUMMER/WINTER), (Ejemplar dedicado a: East of Assyria: the highland settlement of Hasanlu), págs. 87-106.
- Zimansky.P.E. (1985) ،Ecology and Empire; the structure of the Urartian state. "University of Chicago.

# انعكاس الآلهة والمخلوقات الأسطورية المركبة بلاد ما بين النهرين في فن شعوب زاغروس


**الملخص**

تتناول هذه البحث انعكاس الآلهة والمخلوقات الأسطورية المركبة في بلاد ما بين النهرين في فن شعوب زاغروس. وفي هذه الدراسة تم اتباع منهج مقارن لعرض انعكاس هذه الأساطير في مناطق زاغروس والتي تشكل حدود الدراسة فهي أساطير وخاصة المخلوقات المركبة. تتضمن المواد البحثية كل ما تبقى من منطقة زاغروس. ومن بين هذه التأثيرات الأكثر وضوحا هي؛ (ظهور مصارعة جلجامش وأنكيدو على الأختام المنقوشة، مقتل خومبابا، دور أنكيدو العظيم)، هذه الصور هي تأثير قصة جلجامش، والتي يمكن رؤيتها على كأس حسنلو. وتظهر أيضًا على بقايا البرونز في لرستان صور حيوانات أسطورية مثل الماعز البري المجنح والأسود المجنحة، بالإضافة إلى قصة طائر أنزو وقصة إيتانا في كأس حسنلو. يظهر طائر أنزو/إمدجود في كهف القرية. وتظهر حيوانات بازور ولاماشتو في الفن الحضاري مانا.

وبالمثل، فإن الآلهة لها تأثير كبير على البقايا الفنية في المنطقة، والتي تظهر في رموز مختلفة، وأبرزها؛ (إنليل/ إله الهواء، عشتار أو إنانا/ إلهة الحب والجمال والحرب والخصوبة، شمش/ إله العدالة، تيشوب/ إله العاصفة، نيرغال/ إله العالم السفلي، نابو/ إله الحكمة). نقوش جبلية، ألواح مغطاة بالزجاج، أختام منحوتة، حقائب ظهر معدنية، فخار، لوحات على الجدران والأعمدة، زجاج حسنلو، معادن مختلفة.

وأخيرا، أود من خلال هذه الدراسة أن أعرض العلاقات والتأثيرات التي كانت قائمة بين شعوب بلاد ما بين النهرين وزاجروس، والتي تركت انعكاسا على البقايا الفنية للمنطقة، وهذا يعكس حقيقة أن بلاد ما بين النهرين أثرت على شعوب زاجروس من حيث من المعتقدات الأسطورية. خلال الدراسة سيتم الإجابة على السؤال، أي من الأساطير والآلهة والمخلوقات الأسطورية الموجودة في معظم الحضارات، مثل الممالك (خوري وميتاني ومانا)، مشتقة من أي؟



**الكلمات الدالة:** *الأساطير، التاريخ القديم، الآلهة، المخلوقات الأسطورية، بلاد ما بين النهرين وزاغروس.*

**The reflection of Mesopotamian mythical gods and creatures in the art of the Zagros people**


**Abstract**

This paper is about the reflection of Mesopotamian mythical gods and creatures in the art of the Zagros people. In this study, a comparative approach has been made to present the reflection of these legends in the Zagros region, which is the boundary of the study They are reflections of myths, especially interpreted creatures. The research material includes all the remains of the Zagros region. The most obvious of these effects are; (The appearance of the wrestling of Gilgamesh and Enkidu on the engraved seals, the killing of Khumbaba, the role of the mighty Enkidu), these images are the influence of the story of Gilgamesh, which can be seen on Hassanlu's cup. Images of mythical animals such as winged wild goats and winged lions also appear on bronze remains in Lorestan, as do the story of the bird Anzo and the story of Itana in Hassanloo's cup are seen. The Anzo/Imdgud bird is seen in a village cave. The animals of Pazur and Lamashtu are seen in the civilizational art of Manna.

Similarly, the gods have a great influence on the artistic remains of the region, which appear in various symbols, the most prominent of which are; (Inlil/god of the air, Ishtar or Inanna/god of love, beauty, war and fertility, Shamash/god of justice, Tishub/god of storm, Nergal/god of the underworld, Nabu/god of wisdom). Such as mountain carvings, glass-covered tablets, carved seals, metal backpacks, pottery, paintings on walls and columns, Hassanloo glasses, various minerals.

Finally, through this study I would like to present the relationships and influences that existed between the peoples of Mesopotamia and Zagros, which reflected on the artistic remains of the region This shows the fact that Mesopotamia influenced the peoples of the Zagros in terms of mythological beliefs. The study answers the question of which of the myths, gods and mythical creatures that exist in most civilizations, such as the kingdoms of Khuri, Mitanni and Manna have you received



**Keywords:** *Mythology, Ancient History, gods, Mythical Creatures, Mesopotamia and Zagros.*